 

# کورتە سەرنجێك لەسەر ئابووری سۆسیالستی نموونە : ئەزموونی سۆڤیەت و چین

**عەلی مەحموود محەمەد**

ئێمە تاکو ئێستا جیاوازییەکی وا ناکەین لە نێوان مارکسییەت و سۆسیالیزم , لە زۆر بۆنەو کاتدا ئەو دوو دەستەواژەیە تێکەڵ دەکەین و لە بری یەکتر دایاندەنێین , لە ڕاستیدا مارکسییەت قوتابخانەیەکی فکرییە , بەڵام سۆسیالیزم سستەمێکی ئابووری کۆمەڵایەتییە , یەکەم تەبەنی دووەم دەکات بۆ شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات و داڕشتنی دەستوور .

**نووسین دەربارەی هەردوو دەستەواژەی مارکسییەت و سۆسیالیزم , تەنانەت لەو وڵاتانەی , کە ئەو دووە پێگەیان تیایدا لاوازە , گەرم و گوڕی و گرنگی دان پێی نووسین لەسەری , زۆر زیاترە لە ئایدۆلۆژییەکان دیکە , تەنانەت لە دەیەکانی ڕابردوو زۆر لە پارتە ناسیۆنالستەکانیش , بەرنامەکانیان بارگاویکرد بە بیری مارکسیزم .**

**تاکو ئەم چرکە ساتە , چەپەکانی جیهان , زۆرترین دەستەواژە , سۆسیالیزمە لە ئەدەبیات و بەرنامەی سیاسیی خۆیان بەکاری دەهێنن , بەڵام تاکو ئێستا نەیان توانیوە , وێنەیەکی کۆنکریت و نزیك لەو سۆسیالیزمە بە ئێمە نیشان بدەن و سنوورەکەی بۆ دەرەوەی خۆیان بکێشن , جیا لەوەی لە ڕابردوودا , بە ناوی سۆسیالیزمەوە تاقیکراوەتەوە , تاکو ئێمەی هەوادارانی ئەم تەوژمە بزانین ئەو سۆسیالیزمەی وا دەمانەوێت لە داهاتوودا دامەزرێت سیما گشتییەکانی چۆنە ؟؟؟ , هەر کۆپی ئەزمونەکانی ڕابردوو دەبێت , کە زۆر هەژار بوو لە هەمبەر وەڵامدانەوە بە بەها ئازادییەکان و وەڵامدانەوە بەپێداویستی و خۆشگوزەرانییەکانی مرۆڤ ؟؟ , یاخود سۆسیالزمێکی دیکەیە , هێشتا مەتەڵەکەی هەڵنەهێنراوە و نەخشەکانی لەسەر کاغەز نەکێشراوە , تەنها چەند ڕستەو دروشمێکە بە ئاسمانی خەیاڵی تۆباویانەی شۆڕشگێڕاندا دێت و دەچێت , هەرچەندە ژیان تەسکییەی بەرنامە سەرچڵە داڕێژراوە تۆباوییە دوور لە**

ڕیالستییەکان ناکات ,  پرسیار و وەڵامەکانی یەکسانی بۆ داهاتوو دەهێڵێتەوە , دەرگای پێشکەوتن لەبەردەم مرۆڤایەتی  دانەخراوە , هەر بۆیە ئەوپەڕی دالآنی مێژوو بینین خەونێکی پوچەڵە  .

 گیان بەختی بۆ بەهایەك ئەنجام دەدەین ,  تەنها سەرەقەڵەمەکانی لە بیرو زەینماندایە , بەهەشتێکمان وێنا کردووە لە بیری خۆمان ,  هێشتا لەخەون زیاتر نییە , هەرچەندە خەونی سۆسیالستەکان خەونێکی پیرۆزە  , درێژەی هەمان خەونە مەزنەکانی ڕابردووی مرۆڤایەتییە لە سپارتاکۆس و ئەخناتونەوە بۆ ئەبو زەڕ و عەماری کوڕی یاسرو ... تا دەگاتە پلانکی و برۆدۆنییەکان  و سەدان ملیۆن  مارکسیی دیکە بینیان و گیانبەختیان لە پێناویدا ئەنجامدا , خەونێك باوەڕی بە جیهانێکی دادپەروەر و یەکسانی مرۆڤەکان لە هەموو بوارەکاندا هەبێت   , ئەو جیهانەش بۆ ئێمەی یەکسانیخوازەکان  کۆمەڵگەی سۆسیالیزمە , کۆمەڵگایەك هێشتا پەیمان بە نهێنی و وردەکارییەکانی نەبردووە  .

لەبەر ئەوەی ژیان و شێوەو ئاستی بەرهەمهێنان و پێشکەوتن لە گۆڕاندایە , بۆیە ناتوانیین وێنای کۆتایی سۆسیالیزم ,  لە ئێستاوە بۆ داهاتوو بکەین ( هیچ بەرنامەیەکی کاری سیاسی بێ مشتومڕو بڕاوە نییە و دەبێ لەگەڵ پووختەبوونی ئابووری , سیاسی و کۆمەڵایەتی بگۆڕدرێن ( مێژووی بیروباوەڕی سیاسی – سڤین ئێریك لیدمان –  وەرگێڕانی لە فارسییەوە عەلا نوری و دلێر میرزا  – سلێمانی  2004 – وزارەتی ڕۆشنبیری ل 381) .  ئەو پوختە بوونەش کاری کورت ماوە نییە  ( شێوەی بەرهەمهێنان , بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار گۆڕانی بەسەردا هاتووە . ئامێرە بەرهەمهێنەرەکان پووختەبوونە . ئەمڕۆ مرۆڤ لە بڕێکی یەکسان لە کار , یا بە واتایەکی ڕاستر , لە کاتێکی یەکسانی کاردا , دەتوانێ بەرهەمی زیاتر لە هەزار ساڵ یا سەد ساڵ لەمەوپێش بە دەستبهێنێ .

لە سەرەتادا , هێزێکی جەستەیی و بڕێکی زۆر کەمی داهێنانی هزری مرۆڤی خێڵەکی , هێزی کاری ئەویان پێکدەهێنا کەرەسەی سادەکان , هێزی کاری نوێیان هێنایە ئاراوە . ئامێرەکانی کار هێدی هێدی و پتر کاراتربوون و بەرهەمهێنانی کەرەسەیی زیاتر بوو ( مێژووی بیروباوەڕی سیاسی – سڤین ئێریك لیدمان – وەرگێڕانی لە فارسییەوە عەلا نوری و دلێر میرزا – سلێمانی 2004 –  وزارەتی ڕۆشنبیری  ل 361 ) .

ئێمە لە سەردەمێکدا ژیان بەسەر دەبەین ,  جیهان تیایدا بەچەشنێك بچوك بۆتەوە , گۆڕانکاری زۆر بچوك , بە خێرایی با , بەم سەرو ئەوسەریدا  پەرت دەبێتەوە , دامەزراندنی سۆسیالیزم نەك لە وڵاتێکی گەورە , بگرە مام ناوەندیش , بومەلەرزەی سیاسی و ئابووری کاریگەرتر لە بۆمبەکەی هیرۆشیمای لێدەکەوێتەوە , هەر بۆیە شەڕی ئەمجارەی سۆسیالستەکان ,  چەندە کاردانەوەی لە شۆڕشەکانی ڕابردوو  مەزنترە , ئەوەندەش دامەزراندنی  سەختترە , چەندە سەرمایەداری گەشەبکات و  زیاتر پەل و پۆ بۆ بەناو کێڵگەی ژیان بهاوێت , ئەوەندە زیاتر لە ڕەگ دەرهێنانی گران و ئەستەمە , هەر بۆیە دەبینین دەستی مۆرالیس لە پۆلیڤیا , کراوەترە لە لۆلای بەرازیلی لە ئەنجامدانی هەنگاوی ئابووری  , چونکە لە پۆلیڤیا ئابوورییەکی سادە لە ئارادایە , ڕەگەکانی کورتە و دەرهێنانیان سانایە .

بەهۆی ئەوەی مرۆڤەکان ,  لە سستەمی سۆسیالستیدا , لە هەمبەر ئەو کارەی دەیکەن , کرێی جیا وەردەگرن , بەهۆی جودایی ماوەی کات و شێوەی کارەکە , یاخود جودایی ئاستی پسپۆڕیی  , هەر کەسە بە پێی  ئەو کارەی دەیکات , پاداشت لە هەبەری  وەر دەگرێت  , بۆیە  جیاوازی لە نێوان داهاتی تاکەکانی کۆمەڵ  لە کۆمەڵگەی سۆسیالستی هەر دەمێنێت , کرێی زێدە لە پێداویستی تاك کەڵەکە دەبێت

**, پاشان ئەو زێدە کرێیە کەڵەکە کراوە , دەچێتە بواری سەرمایەگوزارییەوە و لە بازنەی بەرهەم هێناندا بەشدار دەبێت و سەرمایەی زێدە بەرهەم دەهێنێتەوە ..... ئەمەش نایەکسانییەك لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا درووست دەکات .**

**کەواتە لە سستەمی سۆسیالستیدا , چینەکان و جیاوازی چینایەتی هەردەمێنێت , بەڵام جیاوازی ئاسمان و ڕێسمانی نێوان ئاستی تاکەکانی سستەمی پێشوو , لەوپەڕی بەرزییەوە لە ئاسمانەوە دادەبەزێتە سەر زەوی و بەچاوەکان لە یەکتر جودا دەکرێتەوە .**

**لە سستەمی ئابوری سۆسیالستیدا ( بازاڕ – دراو – نرخ – کرێ –سەرمایەگوزاری – ئاڵوگۆڕی شمەك ) دەمێنێت , ئەنجلز بۆچوونی وا بوو کە سۆسیالیزم هەر خودی سستەمی سەرمایەدارییە , وەلێ بە بێ سەرمایەدار (حولة مستقبل الصين- د.سمير امين –ثقافة الجديدة عدد 277).**

ئەگەر لە سەرەتای سەدەی بیست , وەك لینین ئاماژەی پێدەدات , بنیات نانی سۆسیالیزم سەخت بوو , پاش سەرکەوتنی شۆڕش و بە دەستەوەگرتنی دەسەلآت و سەقامگیرکردنی ئاسایش , دەیان ساڵی دەویست بۆ گەیشتن پێی , لەو کات و زەمانە زۆر ئەستەمتر بوو لە بەدەستەوە گرتنی دەسەلآت لە لایەن سۆسیالستخوازەکانەوە , ئەوا لە ئێستادا , هەرچەندە سستەمی سەرمایەداری چەسپیوەو کامڵ بووە , چینی پرۆلیتاریای هاوچەرخی بە بەرفراوانی بەرهەم هێناوە , زەمینە مادییەکانی بنیات نانی سۆسیالیزم کامڵ بووە , بە پێی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی مارکس و ئەنگلز بونیان بە گرنگ دەزانی بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالستی , ئێستا نەك تەنها ئەو زەمینەیە پێگەیشتووە لە زۆربەی وڵآتان , بە تایبەت پێشکەوتوو و پەرەستێنەکان , بگرە لە وڵآتە پێشکەوتووەکان ئەو پێوەرەی تێ پەڕاندووە , تێپەڕاندن لە وەرزیش , لە بەرژەوەندی بەردا نییە , هەر بۆیە مەترسی ئەوە هەیە , وەك ئەنگلز ئاماژەی پێداوە , ئەگەر سۆسیالیزم دانەمەزرێت کۆمەڵگا هەنگاو بەرەو بەربەریەت بنێت , ئەم بەربەرییەتەی وا هەر ئێستا فەندەمینتاڵە ئاینییە ڕەنگاوڕەنگەکان و نەرێتپارێزە نوێکان بە هاوبەشی هەر یەکەی لەبەرەیەکەوە کاری کاری بۆدەکەن .

نابێت ئەوە لەیاد بکەین سستەمی ئابوری سەرمایەداری , لەگەڵ گەشەی خۆیدا بۆتە سستەمێکی ئاڵۆز و بە ناخی چالاکییەکان و دەزگا ئابوورییەکاندا چۆتە خوارێ , وەك تۆڕی جاڵجاڵۆکە لق و پۆپی بە هەموو کونج و کەلەبەرەکانی کۆمەڵگا هاویشتووە , ناتوانرێت بە ئاسانی لە ڕەگ هەڵکێشرێت و پایەکانی تێك بشکێنرێت .

بە بەرفراوان بوونی ڕۆڵی بازاڕی پشك و دراو , قەبارەی بازرگانی دەرەکی و کاربردی ناوخۆیی , سەرمایەگوزاری دەرەکی و ناوەکی , ئابوورییەکی بزێوی بەرهەم هێناوە , دەست وەردەدات لە هەموو چالاکییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا , خێراتر لە با سنورەکان دەبڕێت و ئەمسەرو ئەوسەر دەکات , کەمتر خۆی دەخاتە بەر سیرە و داوی ڕاوچییەوە , گرتن و ڕاوکردنی ئەستەمە , بگرە کارەساتیش دەخولقێنێت , بە عەقلییەتی ڕابردوو ناتوانرێت سەرکەوتن بە سەریدا بەدەست بهێنرێت و شۆڕش بەرپابکرێت .

ئەم کەرتانە لە ئابووری , شلەقان و تەکان و شۆڕش تەحەمول ناکەن , تەنانەت بە نەخۆشی و بومەلەرزەو تیرۆر و هەڕەشە و ڕەشەبا دەلەرزن .

هەر هەنگاوێکی نا بەرپرسانە بەرامبەر ئابووری , هەرەسی گشتی لێدەکەوێتەوە , بە تایبەت بە داڕمانی بازاڕی سەهم و دراو و کەرتەکانی ئابووری نوێ لە هەر وڵاتێکدا , بە تایبەت پێشکەوتوو و دەوڵەمەندەکان , هەموو ئابووری وڵات دەتەپێت , زیان هەموو هاونیشتمانیان دەگرێتەوە , هاووڵاتیان بەشێك زۆر لە دەستکەوتەکان ڕابردووی خۆیان لە دەست دەدەن , لەو بارەدا یەکسانیخوازی سۆسیالستەکان ,لە هەگبەکەیدا جگە لە خراپ بوونی باری ژیان , هیچی دیکەی پێ نابێت , بۆیە نەخشەی وردی ژیرانەی ئابووری مەرجی سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەکی سیاسییە , ئابووری نوێ وەك دەڵەمە وایە بەرگەی بچوکترین هەژان ناگرێت , نەخوازەلا دەست بەسەردا گرتن و موسادەرەی شۆڕشگێڕانە .

لەم سەردەمەدا , بازاڕەکانی پشك و دراو , دابڕینیان لە بازاڕ و زیندان کردنیان مەحاڵە , بە سەدان ملیار دۆلار بە یەك کرتەی ئەنتەرنێت ئەمسەر و ئەوسەری جیهان دەکات , هەڵاتنی کارەساتە بۆ ئەو وڵاتەی لێی دەڕوات , تەسلیم بوونیشی مەحاڵە , ئەگەر سەنتێك بە هەڵاتن وڵاتێك بەجێ بهێڵێت , ئەوا لە دوای خۆیەوە ملوێنان ئەوەندە , زیان لە ئابووری ئەو وڵاتە دەدات و متمانەی لە نێوەندەکانی جیهانی ناهێڵێت , بۆیە بیرکردنەوە لە گۆڕینی سستەمی ئابووری لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالستی , بە شێوەی شۆڕشگێڕانە و لە چوارچێوەی یەك وڵات , لەم سەردەمە بەبێ لە بەرچاوگرتنی پەرچەکرداری کاریگەرییە ئابوورییەکانی , جگە لە خۆکوژی ئابووری و سیاسی هیچی دیکەی لی شین نابێت , وەمەحاڵیشە هەنگاوی لەو چەشنە , لە سەردەمی دەستا و دەستکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە .

لە ئێستادا کە شۆڕش جێگەی خۆی داوە , بە گۆڕینی دەسەڵات لە ڕێگەی سندووقی دەنگدن , سندووقی دەنگدانیش مانای تێکەڵ بوونە بەکایەی هەڵبژاردن , بەشدار بوون لە کایەکە , شەرعیەت دەداتەوە بە گۆڕان لە خولەکانی داهاتوو , ئەوەش لە گەڵ خەونە شۆڕگێڕییەکان یەك نایاتەوە , بۆ ئەنجام دانی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە بواری ئابووری لە ماوەی کورتخایەندا , ئەوەی تۆ ئەوڕۆ دەیکەیت و ئەنجامی دەدەیت , پاش 4 ساڵی دیکە دژەکەت دێت هەمووی هەڵدەوەشێنێتەوە , بۆیە گۆڕانکارییەکان دەبێت لە مەودای تەسکدا بێت ( ڕێژەی باج , بیمەی کۆمەڵایەتی , بودجەی دەوڵەت ... ) , ئابووری نوێ ناسکە , بەم هەڵسان و دابەزینە , بەم دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەیە هەناویی دەپچڕێت , ئابووری چەندە دڕندە و بێویژدانە , هەزاران ئەوەندەی دڕندەییەکەی ناسکە و بەرگەی لەرزین ناگرێت , بۆیە لە باشترین حالەتدا, لەوەی لۆلا سەرۆکی بەرازیلی زیاتر ناکرێت , ئەگەر ئاگربازی بە چارەنووسی وڵاتەوە نەکرێت .

لەوانەیە گۆڕینی سستەمی ئابووری بە شێوەی ڕیشەیی بۆ وڵاتێکی پاشانشینی وەك نیپاڵ , یاخود وڵاتێکی هەژاری وەك پۆلیڤیا سانا بێت , بەهۆی سادەیی سستەمی بەرهەمهێنان و کەمتر تێکەڵ بوونیان بە ئابووری جیهانی , بەڵام بۆ وڵاتێکی مام ناوەندی وەك بەرازیل ماڵوێرانییە , لەوەش ئەولاتر بۆ وڵاتێکی وەك ژاپۆن کارەساتە , لەوانەیە کۆمۆنستێکی کەم سەوادی وڵاتانی ژێر دەستە , ختۆکەی بێت بۆ سەرکەوتنی شۆڕش و سۆسیالیزم لە ژاپۆن , بەو هیوایەوە شەوان سەربنێتەوە , وەلێ دەستەواژەی شۆڕش کۆمۆنیستەکانی ژاپۆن ڕادەچەڵەکێنێت , ئەوەی بیری لێ نەکەنەوە لەم قۆناغەدا ئەو گەوجایەتیەیە .

یەکسانی چۆن سەری ئەخناتونی فیرعەونی خوارد لە شاری ئاسۆ , لۆلا ئەگەر لە بەرازیل بیر لە دامەزراندنی سۆسیالزم بکاتەوە, لە سبەی ڕۆژدا , بەهۆی کاریگەری داڕمانی ئابووری و هەڵاتنی سەرمایە

له وڵاتەكەی بە دەردەكەی ئەو دەچێت ,  نەك تەنها ئەو هەژار و كرێكارانەی ئەمڕۆ پشتیوانی ئەون , كارەكانیان لە دەست بدەن دژی دەوەستنەوە , بەڵكە برسییەكانی ئەمازۆنیش كاتێك دوو ژەم خواردن كەمتریان بەركەوێت , ئەوا یەكسانییەكەی لوولا دەدەنە بەر شەق و تێی هەڵدەدەن , بۆیە 28-42 دۆلارە یارمەتیەكەی ئێستای لوولا گرەنتی زیاترە بۆ ئەوان و مسۆگەرترە , نەك خەونی ئەو سۆسیالزمەی كە هێشتا لە دایك نەبووە .

لە سەدەی ڕابردوودا , لە جیهان , كۆمەڵێك ئەزموون لە بواری جێبەجێكردنی ئابووری سۆسیالستی تاقی كرایەوە , هەرچەندە بەشێكی بەرچاو لە ماركسییە پەڕگیرەكان , ئەو ئەزمونانەیان پیَ سۆسیالستی نییە , بەڵام ئێمە لە فەزای باوو ئەو ئەزمونانەوە قسە دەكەین , نەك لە سەرنج و تیبینی نوخبەیەكی چەپگەرای سەرچڵی بچوك , لە خەیاڵی خۆیدا شێوە سۆسیالزمێكی دارشتووە , لە ژیانی دیمۆنیشدا دەست ناكەوێت , تەنانەت لە ژووری مەكتەبی سیاسی پارتەكەشیدا , چاو بە جیهانی ڕیالیست هەڵناهێنیَ , لێكۆڵینەوە لەسەر ئەزموونی بنیات نراو زیاتر ڕیالستییە , وەك لە ئەو نوسینانەی جاریَ سنووری كاغەزیان نەبەزاندووە , ژیان بەسكی خۆی تاقییانی نەكردۆتەوە .

لە سستەمی ئابوری سۆسیالستی بنیاتنراودا , ئایدۆلۆجیاو بیروباوەڕی سیاسییەكان , حەزو خەونی ڕابەرانینەخشیان بینیوەو ڕۆلیان گێڕاوە , لە دیاریكردنی نەخشە ئابورییەكان , نەك پرۆژە و بیردۆزی ئابووری .

چۆن شۆڕشی 1688ی بەریتانیا و شۆڕشی گەورەی 1789ی فەرەنسا , نموونەی شۆڕشە بۆرژوازییەكانن (مێژووی بیروباوەڕی سیاسی-سڤین ئێریك لیدمان- وەرگێڕانی لە فارسییەوە عەلا نوری و دلێر میرزا - سلێمانی 2004 - وەزارەتی ڕۆشنبیری ل376-377 ) .

بە هەمان شێوە , گرنگترین ئەو ئەزمونانەی تاكو ئەم چركەیە , بە ناوی سۆسیالزمەوە بنیاتنراون , هەردوو ئەزمونی سۆڤییەت و چینە , ئەمەش بەهۆی كاریگەری سیاسی و قەبارەی ئابووری و ژمارەی دانیشتوان و پانتایی جوگرافیا و هژمۆنیای جیهانی و مەرجەع بونیان بۆ وڵاتان و بزاڤە سۆسیالستییەكانی جیهان , نزیك بە تەواوی تەواوی وڵاتە بەناو سۆسیالست و بزووتنەوە كرێكاری و پارتە ماركسیستییەكانی جیهانیان لە نێوان خۆیان دابەشكردبوو , بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی بابەتەكەمان لەسەر چینە , بۆیە لەم باسەدا زیاتر گرنگی دەدەین بەو ئەزموونە .

## ئەزمونی سۆڤیەت

شۆڕشی ئۆكتۆبەر لە یەكێك لە وڵاتە هەرە دواكەوتووەكانی سەرمایەداری سەركەوت , دژ بە دوژمنێك بەرپاكرا هێشتا خۆی ساوا بوو و لە دەسەڵاتدا نەبوو , وڵات خاوەند پیشەسازی بچووك بوو , ئەم شێوە پێشەسازییەش بەستراوە بە شێوەی بەرهەمهێنانی فیوداڵییەوە نەك سەرمایەدری .

**پیشەسازی مۆدێرن بە پێی ئەوکات , لە شێوەی دورگەی بچوك بچوك , لە شارە گەورەکانی وەك پترۆسگراد و مۆسکۆ هەبوو , سەرمایەداران ئەوەندە بێ ئەزموون بوون لە بواری کارگێڕی , بەڕێوەبەریان لە ئینگلیزەوە بۆ کارگاو کارخانەکانیان دەهێنا .**

**لەو کاتە گەورە تیئۆریسۆنانی سۆسیالستی وەك کاوتسکی , بلیخانۆف باوەڕیان بە بنیات نانی سۆسیالسزم لەو وڵاتە دواکەوتووە نەبوو .**

**ئەنانەت گرامشی شۆڕشی ڕوسی بە شۆڕش دژ بە مەنتقی کاپیتاڵ ناو برد , واتە دژ مەنتقی مارکس ( اکتوبر البلاشفة , او الثورة المنسیة , فالح عبدالجبار , حوار المتمدن 27-11-2005) .**

**سۆڤیەت ڕوپێوی خاکەکەی 22,4 ملیۆن کم2 بوو , واتە شەش یەکی قەوارەی وشکانی هەموو گۆی زەوی پێك دەهێنا , خاوەند یەدەکی کەرەستەی خاوی زۆر ( نەوت , گاز , ڕەژوی بەردین ....) و دەوڵەمەند لە ڕوی بوونی سامانی ژێر زەمینییەوە , پێش جەنگی جیهانی یەکەم گەورەترین ناردەی خۆراك بوو لە جیهان , بەڵام لە سەروبەندی هەڵوەشانەوەیدا , بوو بە گەورەترین کڕیار و هاوردەی خۆراك لە ئاستی جیهاندا , ئەمەش دەربڕی شکستی ئەزمونیەتی لەبواری کەرتی کشتوکاڵی , بەرهەمهێنانی خۆراك بە تایبەت دانەوێڵە کە بە خواردنی ستراتیژی ناودەبرێت بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی وڵات , ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی نەتەوەیی لێکگرێدراوی یەکترن , بە تایبەت بۆ وڵاتێکی وەك سۆڤیەت هەموو کات لەبەردەم هەڕەشەی پەلامار و ئابلوقەی ئابووری دژەکانیدا بوو .**

**ڕوسیا پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر , وڵاتێکی دواکەوتوو بوو زۆربەی دانیشتوانەکەی نەخوێندەوار بوون (الاقتصاد السیاسي للاشترکیة- دارالتقدم موسکو- مجموعة من الاقتصادیین -ص29) ,**

وەلێ کە هەڵوەشایەوە بەرزترین ڕێژەی خوێنەواری هەبوو لە ئاستی جیهاندا , سەرباری خانوی خۆڕایی و خوێندنی بەزۆرو بە خۆڕایی و بیمەی بێکاری و تەندروستی و دەیان بەهای دیکە , نموونەیان نەبووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا , ئەو بەهایانەی تاکو سۆڤیەت نەڕوخا , ڕۆژئاوا جورئەتی نەئەکرد لە وڵاتەکانی خۆیان , هێرش بکاتە سەریان و هەڵیان بوەشێنێتەوە , بە دوایدا وردە وردە کەوتە کاڵکردنەوەیان لە ژێر ناوی چاکسازی ئابووری .

لە سۆڤیەت بەکارهێنانی ماتماتیك لە بواری ئابووری , لە نێوان ساڵانی چل و پەنجاکان قەدەغە کرابوو , بۆ نموونە کانتۆروفتش پرۆژەیەکی ئابووری نوسییەوە بە ناوی : ڕێگای ئابووری بۆ ڕێکخستنی بەرهەم و نەخشە , ئەم پرۆژەیە لە ساڵی **1939 بڵاوکرایەوە , وەلێ تاکو سەردەمی چاکسازییەکانی ساڵی 1959 کاری پێنەکرا لە بواری ئابووریدا .**

**لە نێوان ساڵەکانی 1956–1970 ڕێژەی گەشەکردنی ئابووری لە سۆڤیەت , بە شێوەی گشتی 5,4٪ بوو ( بول سمیندي-الاستعداد للقرن واحد والعشرین-ترجمة محمد عبدالقادر-1993 – ص 294).**

**لە بەرامبەردا ڕێژەی گەشەکردنی دەرامەتی نەتەوەیی ئەمەریکا , لە ساڵی 1959 , بە ڕێژەی 3,92٪ بوو , لە ساڵی 1960 گەیشتە 4,05٪ و لە ساڵی 1970 دابەزی بۆ 2,79٪ (بول سمیندي- الاستعداد للقرن واحد والعشرین-ترجمة محمد عبدالقادر –1993-ص366).**

بەشاربوون یەکێك لە هێماکانی پێشکەوتنە , بەرزبوونەوەی ڕێژەکەی لە کۆی دانیشتووان , دەربڕی پێشکەوتنی ئەو وڵاتەیە , ڕێژەی بەشارستانیبوون لە ماوەی 4 دەیە , لە سۆڤیەت بەم شێوەیەی خوارەوە چووە سەر :

| ساڵ | شار | لادێ |
|---|---|---|
| 1916 | ٪18,50 | ٪81,50 |
| 1940 | ٪ 33 | ٪67 |
| 1953 | ٪57 | ٪43 |

( جان ایلنشتاین-ترجمة د.مجيد راضي- ظاهرة ستالين-دار المدى –1996 ص224).

لە بواری بەشاربووندا سۆڤیەت هەنگاوی زۆر مەزنی نا , هەندێك جار ئەم پێشکەوتنانە , خەڵکی ڕەوەندی نەرێتپارێزی ئاسیای ناوەڕاستی نیگەران و تووڕە دەکرد , لەوەی بە شاربوون کولتوری ڕابردوویانی خستبووە مەترسییەوە , لە توانایاندا نەبوو ئەو گۆڕانکارییە کتوپڕە پەسەند بکەن , کەواتە سۆڤییەتیەکان لە بە مۆدێرنتەکردنی وڵات , ڕۆڵی ئەکتیڤیان گێڕا , توانیان لە ماوەیەکی کورتدا , گەلانێکی ڕەشماڵ نشین لە شارە نوێکاندا نیشتەجێ بکەن و تێکەڵ بە شارستانیەتیان بکەن .

هەرچی پێشکەوتن لە بواری دەرهێنانی سامانی ژێر زەمینیە , لە بەرهەمهێنانی خەڵوزی بەردین و نەوت و پۆڵا , سۆڤیەت کەوتە پێش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە , لە بەرهەمهێنانی وزەی کارەباشدا هەنگاوی گەورەی نا , بە کارەباکردنی وڵات یەکێك لە ستراتیچییەتی بەلشەفیکەکان بوو , لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنیانەوە دروشمی ( کارەبا + دیموکراتییەت = بەسۆسیالیزم) یان بەرزکردەوە .

جیاوازی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا لە سۆڤیەت , لەچاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا , بەم شێوەیەی خوارەوە بە قازانجی سۆڤیەت چووە پێشەوە :

| وڵات | 1913 | 1951 | 1973 |
|---|---|---|---|
| سۆڤییەت | 2 | 103 | 915 بەملیۆن کیلۆ وات . |
| ئەمەریکا | 25,8 | 370 | 1,854 |

لە بواری پیشەسازی سەنگین و بەرهەم هێنانی وزەشدا , سۆڤیەت هەنگاوی زۆر گەورەو مەزنی نا , بۆمبی ناوکی تەقاندەوە و چووە سەر مانگ , ئەم دوو هەنگاوە هەیبەتی سیاسی ئەم وڵاتەی بەرزکردەوە , تاکو ئێستاش شانازی بەو سەرکەوتنانەوە دەکەن .

لە چوارچێوەی نەخشەی پێنج ساڵەی یەکەمدا , لە سەرتاسەری وڵاتدا 1500 کارخانەی نوێ دروستکرا , ڕێژەی گەشەکردنی کەرتی پیشەسازی 21٪ و پێنج ساڵەی دووەم بوو بە 16٪ (جان ایلنشتاین- ترجمة د.مجيد راضي- ظاهرة ستالين-دار المدى –1996 –ص118).

لە نێوان ساڵەکانی 1950 – 1965 , بەرهەمی پیشەسازی لە وڵاتە بەناو سۆسیالستییەکان بە ڕێژەی 510٪ , لە وڵاتە پەرەستێنەکان 330٪ , لە وڵاتە سەرمایەدارییەکان 220٪ گەشەیان کرد (الاقتصاد السياسي للاشتراكية- دارالتقدم موسكو- مجموعة من الاقتصاديين – ص 432).

ئەم ئامارانە ئەو بۆچونانە پوچەڵ دەكەنەوە گوایا ئابووری كۆنترۆڵ كراو لە لایەن دەوڵەتەوە هۆكاری دواكەوتنە( لە ئابووری بازاڕیشدا ئابووری كۆنترۆڵكراوە , بەڵام لە لایەن نەهەنگە گەورەكانەوە ) , هەرچەندە وەڵامنەدانەوە بە بەرهەمهێنان بۆ بازاڕ , پشت بەستن بە سامانی ژێر زەمینی , سەعات كاری زۆر و هەقدەستی كەم , لە كەموكوڕییەكانی ئەو قۆناغە بوون .

سۆڤیەت لە بواری بەرهەمهێنانی شمەكی كاربوردی تاكە كەسی , و كەلوپەلی بەرهەم هێنراو بۆ بازاڕ زۆر دوا كەوت , بەهۆی ئەوەی كالاّی بۆ بازاڕ بەرهەم ناهێنا , بەڵكە بۆ پێداویستی دەوڵەت و هاوپەیمانانی و هاووڵاتیانی بەرهەمی دەهێنا , بازاڕ و بازرگانی سەرچاوەی بەرهەمی سۆپەر و داهێنان و گەشەی پیشەسازیین , لەم بوارەدا ئەمەی بۆ وڵاتە سەرمایەدارییەكان بەجێ هێشت , بازاڕی جیهانی تەسلیم بە ئیرادەی كۆمپانیا مۆنۆپۆڵەكان كرد .

لە ساڵی1955 دا , لەوكاتەی سۆڤیەت لە لوتكەی دەستكەوت و شانازییە ئابوورییەكانی خۆی بوو , جیاوازی نێوان سۆڤیەت و ئەمەریكا , لە بەرهەم هێنانی ئەم شێوە كالاّیانە ئاسمان و ڕێسمان بوو :

| كەلوپەل | سۆڤییەت | ئەمەریكا |
|---|---|---|
| ڕادیۆ | 66 | 974(بۆ هەر 1000 كەس) |
| بەخچاڵ | 5 | 288 |
| تەلەفزیۆن | 4 | 318 |
| غەسالە | 1 | 216 |
| ئۆتۆمۆبێل | 2 | 300 |

(جان ایلنشتاین-ترجمة د.مجید راضي- ظاهرة ستالین-دار المدى –1996 –ص218).

بوونی دامەزراوە هۆی سەرەكی گەشەی ئابوورییە لە هەر وڵاتێكدا , لە سۆڤیەتدا دامەزراوەی ئابووری لە كۆمپانیای زەبلاحی سەركەوتوو نەبوو , هاوكات خاوەندی سیاسەتێكی ئابووری ژیرانە نەبوو , وەڵام بە پێداویستی قۆناغەكە بداتەوە , سیاسەتی ئابووری لە جوگرافیا گرنگترە بۆ پێشكەوتن , چونكە سیاسەتی ئابووری دەگۆڕێت , بەڵام جوگرافیا جێگرە , هاوكات نابێت ئەوە لەیاد بكەین , بوونی دامەزراوەی ئابووری لە سیاسەت و جوگرافیا گرنگترە بۆ پێشكەوتنی ئابووری وڵات .

پیادە كردنی ئابووری ناوەندی لە لایەن دەوڵەتەوە , نەبوونی ململانێ لەسەر زۆرتر و باشتر بەرهەم هێنان , پاداشت نەكردنی داهێنەران كرێكارانی چالاك و ... , بەشێك لە كەموكوڕی ئەم شێوە بەڕێوەبەرایەتی و سستەمە سیاسییە بوون , نموونە لە هەموو وڵاتی سۆڤییەت 77٪ بەرهەمی كەرتی ئۆتۆمۆبێل , لە یەك كارخانە بەرهەم دەهێنرا (مستقبل الرأسمالیة-لستر لوثر-ترجة عزیز سباهي-ص71) .

ئەمەش دەربڕی گرنگی نەدانی دەوڵەتە بە زیادكردن و باشتر كردنی بەرهەم , لە ڕوی چەندایەتی و چلۆنایەتییەوە , یەكێك بوو لەو هۆكارانەی سۆڤییەتی لە كاروانی پێشكەوتن دواخست , چونكە تاكو كێبڕكێ نەبێت بەرهەم چاك و فرە نابێت , هەر ئەمەش سەرنەكەوتویی سستەمی بەڕێوەبەری سۆڤیەتی لە بواری كارگێڕی ئابووری دەرخست .

ئەگەر سەرکەوتنێك لە بواری کەرتی پیشەسازی قورس بەدی هاتبێت , ئەوا لە بواری کەرتی پیشەسازی سەربازی و پێداویستییە سەرەکییەکانی هاوولاتیان بووە , بە تایبەت لە بواری بەرهەمهێنانی ووزە .
لە ساڵی1953 , بەرهەمهێنانی هەریەکە لە خەڵوز بەڕێژەی 100٪ , کارەبا بە ڕێژەی 300٪ , پۆلا200٪ , لۆکە بە ڕێژەی 100٪ گەشەیان کرد .
هەرچی کەرتی کشتوکاڵە لە ولاتی سۆڤیەت هەرەسی هێنا , ولاتێك بەو خاکە پان و بەرین و بەپیت و بەرەکەتییەی خۆی , نایتوانی بە پێی پێویستی دانیشتوانەکەی خۆراك و دانەوێڵە بەرهەم بهێنێت , تەنانەت نایتوانی لۆکە بە ئەندازەی پێداویستی مارخانەکانی بەرهەم بهێنێت , کەچی ئێستا تەنها ولاتێکی وەك کازاخستان بەو پانتاییەوەی کە هەیەتی , ڕێژەیەکی بەرزی لۆکە بەرهەم دەهێنێت , ئەوە لە ولاتانی دی سۆڤییەتی جاران بگەڕێ .
دابینکردنی ئاسایشی خۆراك بۆ هەر ولاتێك هەنگاوێکی ستراتیژی و چارەنووسسازە, هەیبەتی ئەو ولاتە دەردەخات لەناو خۆو دەرەوە , بە تایبەت بۆ ولاتێکی وەك سۆڤیەت کە سەرکردایەتی جەمسەرێکی گەورەی جیهانی دەکرد , بە بێ دابین کردنی ئاسایشی خۆراکی خۆی و هاوپەیمانەکانی , نایتوانی پەیامەکانی سەرکەوتووانە بە ئەنجام بگەیەنێت و هەیبەتی سیاسی خۆی لە ناوخۆو دەرەوە بپارێزێت , بۆیە کەمبەرهەمهێنانی خۆراك , یەکێك بوو لە گرنگترین خاڵە لاوازەکانی ئەم ولاتە تاکو هەرەسهێنانی .
ساڵی 1952 بەرهەمی کشتوکاڵی کەمێك زیاتر بوو لە ساڵی 1914, لە کاتێکدا دانیشتوان لەچاو ئەو کاتەوە نزیك بە 20٪ زیادی کردبوو , کەچی لە ماوەی ئەو 38 ساڵەدا , هۆیەکانی زیادکردنی بەرهەمی کشت و کاڵی , لە بواری ئامێر و کەرەستەی بەرهەم هێنان و تۆو و پەین زۆر چوبووە پێش , تەکنەلۆژیای نوێ , دەیتوانی ئەو ولاتە گەورەیە بە پانی و درێژی خۆی بکاتە کێڵگەی بەرهەم هێنانی خۆراك , کەچی وەك دەبینین بەرهەم لە جێگەی خۆی چەقی , کێڵگەکان وردە وردە کوێر دەبونەوە و بەرهەمەکان ناوی لە شوێن خۆیان لە ناو گۆلەکان دەڕزین .

| ساڵ | 1914 | 1952 |
|---|---|---|
| دانیشتوان | 159,200 | 188 |
| بەرهەم | 92,200 | 95,600 |

( جان ایلنشتاین-ترجمة د.مجید راضي- ظاهرة ستالین-دار المدى –1996 –ص205).
لە ساڵی 1945 , سۆڤیەت تەنها 47,300 ملیۆن تەن دانەوێڵەی بەرهەم هێنا , کەچی ئێستا ولاتێکی وەك ئۆکرانیا , بە تەنها نزیك بەو ئەندازەیە دانەوێڵە بەرهەم دەهێنێت , لە ساڵی 2002 دا 33,8 ملیۆن تەن دانەوێڵەی بەرهەم هێناوە .
لە سەردەمی سۆڤیەتدا 40 ٪ بەروبوومی کشت و کاڵی بەرهەم هێنراو لە ناو کێڵگەکاندا دەڕزان (مستقبل الرأسمالیة-لستر لوثر-ترجة عزیز سباهي-ص68) , کەس نەبوو هەڵیانگرێت و کۆیان بکاتەوە , بەهۆی ئەوەوەی جوتیاران ئەو بەرهەمەیان بە ماڵی خۆیان نازانی و خۆیان ناکرد بە خاوەندی , بە پەرۆش نەبوون بۆی .

پاش پاشگەزبوونەوەی سۆڤییەت , لە سیاسەتی ئابووری نیب , تێسرەواندنی مەزن کەوت لە سامانی ئاژەڵداری , ئەم کەرتە بە ئاستێك پوكایەوە , مێژوو کارەساتی کەموێنەی لەم چەشنەی لە جیهاندا بە دگمەن بە خۆوە بینیووە :

| جۆر | 1929 | 1933 |
|---|---|---|
| گایەل | 67,1 | 38,4 ملیۆن |
| ئەسپ | 30,7 | 16,4 |
| مەڕ و بزن | 20,3 | 12,2 |

( جان ایلنشتاین-ترجمة د.مجید راضي- ظاهرة ستالین-دار المدی –1996 –ص103).

لە ساڵی 1935 , جوتیارانی کۆلخۆزەکان , سەرو پارچە زەوییەکی بچوکیان پێ درا , بۆ ئەوەی بۆ خۆیان بیکێڵن و کەڵك لە بەرهوومەکەی وەربگرن , سەرجەم ئەو زەویانەی کە بەسەر یەکەوە دران بە جوتیاران , تەنها 4٪ زەوی کشتوکاڵی هەموو وڵات بوو , بەڵام ئەو زەویانە 50٪ ی بەرهەمی هەموو سۆڤیەتیان لە سەوزەو میوەو پەتاتە و شیر و گۆشت و مەڕ و بزن بەرهەم دەهێنا (جان ایلنشتاین-ترجمة د.مجید راضي- ظاهرة ستالین-دار المدی –1996 –ص206).

واتا جیاوازی ڕێژەی بەرهەمهێنان لە نێوان هەردوو شێوە 1 بۆ 24 بوو , ئەمەش بە ئاشکرا سەرکەوتویی شێوازی دووەمی دەردەخست , دەوڵەت نەهات ئەو ڕێژەیە 4٪ بەرین بکاتەوە , لە بری ئەوەی دانەوێڵە لە دەرەوە بکرێت لە جوتیارانی خۆی بکرێتەوە .

لە ئابووری سۆسیالستی بنیات نراودا , کارخانە بە پێی پێداویستی دەوڵەت کەل و پەلی بەرهەم دەهێنا , کێڵگە بە پێی پێداویستی دەوڵەت دانەوێڵە و بەروبومی بەرهەم دەهێنا , بە هەمان شێوە کەرتی بازرگانی بە پێی لیستی داواکاری دەوڵەت کەل و پەلی لە دەرەوە داوادەکرد یاخود دەینارد بۆ دەرەوە , پەیماننامە سیاسییەکان پەیوەندی بازرگانیان لەگەڵ دەوڵەتان دیاری دەکرد , نەك جۆر و نرخ و پوختی بەرهەم .

بەو هۆیانەوە هیچ کام لەم کەرتانەی ئابووری , نایانتوانی داهێنان بکەن لە بوارەکانی خۆیان , لە خزمەتکردن بە ئابووری وڵات . لە بواری بازرگانی کەلوپەل بەهەرزان دەفرۆشرا بە هاوپەیمانان , بەروبومە پەرپوتە کراوەکانیشیان خۆی لەسەر زبڵدانەکان دەبینیەوە .

ئەگەر سۆڤیەت بە ئیمپراتۆریایەك دابنێین , ئەوا یەکەم ئیمپراتۆریا بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا , لەو دیو سنورەوە , لە جیاتی خێرو بەرەکەت و دەستکەوت , زیانی بۆ دەگەڕایەوە , هەمیشە دەیبەخشی لە بەرامبەردا هیچی بۆ ناگەڕایەوە .

تاکو لە ئەنجامدا ئابووری لەماوەی دوردا پوکایەوە , وڵات لە جێی خۆی چەقی , پێشکەوتن و داهێنان نەما , لە کاروان دواکەوت و نەیتوانی فریای پێشکەوتنی ڕۆژئاوا بکەوێت, کار گەیشتە سەر ئەوەی بە ئاماری ساختە دەیانەویست قەیرانە ئابوورییەکان بشارنەوە.

سۆڤیەت بەو دەوڵەمەندییە زۆرەوەی لە بواری سامانی ژێر زەمینی , بە ئەو ڕووپێوە بەرفراوانەوەی , کە پێشتر پێشبینی وابوو , لە سەرەتای هەزارەی دوو , وڵاتە یەکگرتوەکان ئەمەریکا ڕەتبدات لە کۆی

بەرهەمی نەتەوەیی , کەچی بۆ خۆی لەسەر نەخشەی تەریکترین قوتابخانەی , دواکەوتوترین وڵات سڕایەوە و هەڵوەشایەوە , قەیرانی ئابووری هۆکاری سەرەکی شکستی ئەو دەوڵەتە بوو .

سستەمی سۆڤیەت لە کۆتایی تەمەنی , جگە لە فرۆشتنی نەوت و گاز و چەك , لە بازنەی بازرگانی جیهانی , هیچ ڕۆڵیکی دیکەی نەبوو .

بازرگانی چالاك و کاربردی ناوخۆ , هۆی سەرەکی گەشەی بەرهەم هێنانن لە هەر وڵاتێکدا , ئەم دوو کەرتەش لەم وڵاتە, لە دەرەوەی بازنەی گرنگی پێدانی دەوڵەتەوە بوون , بەشێك بوون لە حەرامکراوەکان , کارەساتیش بۆ هەر وڵاتێك ئەوەیە هۆکارەکانی پێشکەوتن حەرامبکرێت .

ڕوخاندنی سۆڤیەت سانا نەبوو , وە کردەیەکی کوت و پڕیش نەبوو , بەڵکە ئەنجامی کۆبونەوەی هەڵەکان بوو لە مەودای دەیان ساڵ , هەڵەی کارگێڕی لە بواری سیاسی و ئابووری نەبوایا کەوتنی زۆر ئەستەم بوو , دیارە هەر سستەمێکی سیاسی گەلی لە بواری کۆمەڵایەتی , ئابووری , داد , سیاسی , دادپەروەری , کەموکوڕی لە هەر لایەکی هەبێت , بە شێوەی سروشتی هەرەسی هەموو لایەنەکانی دییە .

گرینادا لە پشوی هەفتە لە لایەن ئەمەریکاوە گیرا , کەچی سۆڤیەت 70 ساڵی ویست بۆ ئەمریکا تاکو لە ململانێ شکستی پێ بهێنێت .

سۆڤیەت ببو بە نموونەی دەوڵەتی خواستراو , ئەمە مەترسی وڵاتە سەرمایەدارییەکان بوو لێی , بە وتەی باسیل ئیفەر سون هەزاران لە پێناو بیردا خەبات ناکەن , بەڵکە لە پێناو باشترکردنی باری ژیانیان دەجەنگن .

پارتی گردبونەوەی گەل کە بیر دایمەزراند و سەرۆکایەتی غانای کرد بۆ سەرکەوتن , کەچی لە هەڵبژاردندا تەنها 15٪ دەنگەکانی هێنایەوە ... (ماض افريقي طويل ... , لانس غبيرية 2-7-2005).

تاکو شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کرێکارانی وێلز , چاویان لە ئەزموونی سۆڤیەت بوو , هارۆلد مکمیلان , سەرۆك جۆن کەنەدی ئاگادارکردەوە , لە مەترسی سەرکەوتنی نموونەی گەشەی سۆڤیەت ( ندوة مجلة روبير – نعوم تشومسكي –1994- الحرب الباردة الجديدة ) .

ئەوە نییە چاکسازییەکان کاریگەری پۆزەتیڤیان هەبوبێت لەسەر ڕێژەی گەشەی ئابووری , بە کەوتنی سستەمی سیاسی سۆڤیەتی , ئابووری ئەو وڵاتەش زیاتر داڕما , ئاستی باری ژیانی زۆربە هاتە خوارەوە , دەسکەوتی دزەکانیش لەو چاکسازییانە بە 3 ترلیۆن دۆلار مەزەندە کراوە ( بيان 17-10-2005 , الكرملين بوريس بيرزوفسكي و قصة نهب روسيا ) .

ساڵی 1990 بەرهەمی نەتەوەیی سۆڤییەت 1102 ملیار دۆلار بوو , داهاتی تاك 7446 دۆلار بوو , لە ساڵی 1993 داهاتی تاك دابەزی بۆ 1234 دۆلار ( الحيوار التقدم 27-7-2006 , او .س. شينين , قاسيون ترجمة شاهر احمد خضر ) .

تەنانەت ڕوخانی دیواری بەرلین , دەرگای لەبەردەم هەژاری لە ئاستی جیهانی خستە سەر پشت , کە پێشتر بەهۆی مەترسی مۆدێلی سستەمی ئابووری سۆڤیەتییەوە ,هەژاری لەو دیوو ئەو شورایەوە زیندانی کرابوو .

لە دوای ڕوخانی دیواری بەرلین لە ساڵی 1989 , 89 دەوڵەت بارودۆخیان بەرەوخراپی چووە , ئاستی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیانی دابەزیوە .

له بەرامبەردا دەوڵەمەندان دەوڵەمەندتر بوونە , داهاتی 356 خێزان هاوتایە بە داهاتی 40٪ دانیشتووانی زەوی , داهاتی 3 کەس هاوتایە بە داهاتی 940 ملیۆن مرۆڤ .
لەسەردەمی جیهانگیریدا , هێشتا دووبەش لە سێ بەشی هاووڵاتیانی جیهان نەیتوانیوە لە ژیانی تەلەفۆن بکات , بەشێکیشی کارەبای نییە ( الاتحاد (امارات) 10939 , 17-6-2005 - جيمي ريفكين – الدستور الاوروبي و مستقبل الراسمالية ) .
بەم شێوەیە پێ دەنێینە ناو جیهانگیرییەوە .

# ئەزموونی چین

ئاستی گەشەی سەرمایەداری چینی لە ساڵی 1949 لە سۆڤیەتی 1917 باشتر نەبوو , بەڵکە زۆر دواکەوتووتر بوو لەو , بلیخانۆف و کاوتسکی لە ژیاندا بونایە هەمان بۆچون و دیدیان لە بارەی شۆڕشی سۆسیالستی چینەوە دەبوو , تەنانەت پیشەسازی چینی لە شێوەی دورگەی بچوك بچوکیش نەبوو , ئەوەی هەبوو گەلێك لە دوای پیشەسازی سۆڤیەتی سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە بوو . پرۆلیتاریای پیشەسازی لە چین هێشتا ژمارەیەکی زۆر کەم بوون , زۆربەی دانیشتووانی وڵاتەکە جوتیار بوون .
پیشەسازیی گەورەی بەرچاو , تەنها لە چەند شارێکی گەورەدا هەبوو , کە لە ژێر تۆڕێنی سەرمایەی وڵاتەکانی دەرەوەدا بەڕێوەدەچوو (مێژووی بیروباوەڕی سیاسی–سڤێن ئێریك لیدمان– وەرگێرانی لە فارسییەوە عەلا نوری و دلێر میرزا –سلێمانی 2004 – وزارەتی ڕۆشنبیری ل470) .
هەڵوەشاندنەوەی بازرگانی ئازاد و کۆنترۆڵی بازاڕی ئابووری لە لایەن ڕژێمی فیوداڵییەوە , بووبوون بە بەربەست لەبەردەم پیشەسازیداو , بەمەیش ڕێگەی لە بەکارهێنانی زانست و تەکنەلۆژیی لە بەرهەمهێناندا گرتبوو (مێژووی بیروباوەڕی سیاسی–سڤێن ئێریك لیدمان– وەرگێرانی لە فارسییەوە عەلا نوری و دلێر میرزا –سلێمانی 2004 – وزارەتی ڕۆشنبیری ل 377 ) .
کولتوری دادپەروەری لە ڕێبازی کۆنفیۆشدا هەیە , بۆیە کارکردنی کۆمۆنیستەکان لە کۆمەڵگەی چینی ئەستەم نەبوو , بەڵکە زەمینەی مادی و کولتوری لەبار بوو بۆ گەشەکردنیان . کۆنفۆش گرنگی بە قیامەت نەدەدا بەڵکە بەم دنیا , دوا ئامانجی کۆنفۆش دادپەروەرییە لەم دنیا .
پارتی کۆمۆنیستی چینی بەهەمان شێوەی بەلشەفیکەکان , لە چەندین گروپی بۆچون دژ بە یەك و لە هێڵی سیاسی جیا پێك دەهاتن , بەڵام مشتومڕی گەرم و بەرامبەرگرتنیان وەك سۆڤیەتەکان گەرم نەبوو ( دوو خەت لەناو پارتی کۆمۆنیست هەبوو , یەکیان دژ بە لێکترازیك بوونەوە بوون لەگەڵ کۆمینتاغ , بەشێکی دیکەیان لەگەڵ پاشکۆیەتیدا بوون , بەڵام ماو باسی لەبەرەی یەکگرتوو دەکرد , لەو سەردەمە دەستبەسەردا گرتنی زەویان ڕاگرت (حياة ماو تسي تونغ – جزء5- ترجمة عسو الخطابي- 28-8-2005 ) . لە دوایشدا بینیمان دینگ لەسەردەمی شۆڕشی ڕۆشنبیری ئاودەستی پاك دەکردەوە , بەهۆی جیاوازی بیرکردنەوەی لەگەڵ هێڵی سیاسی باڵادەست لەناو پارت .

له چین شۆڕش هاته سەر ئابوورییەکی وێرانە , بە هۆی ( گەندەڵی , شەڕی ژاپۆن , شەڕی ناوخۆیی , پارچە پارچە بوونی وڵات ) , کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشووەوە بۆیان مابوەوە .

لە سەدەی 19 وڵاتانی ڕۆژئاوا هەریەکەی بەشی خۆیان لە چین دابڕی , , سەرباری داگیرکاری , ئەمەی خوارەوە تەنها زیانەکانی چینە لەبەرامبەر بە سیاسەتی دوژمنکارانەی ژاپۆن : ( زیانەکانی چین لە ئەنجامی هێرشی ژاپۆن بۆ سەری ( 36 ملیۆن کوژراو و 600 ملیار دۆلار زیانی ئابووری بوو) .

لە کۆتایی سەدەی 19 ەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی 20 , ژاپۆن 230 ملیۆن (اوقیە) زیوی وەك قەرەبووی جەنگ لە چین وەرگرت , نرخەکەی دەیکردە 4,5 جار دەرامەتی نەتەوەیی ولاتی ژاپۆن لە ساڵی 1890 .

ژاپۆن لە ساڵی 1905دا , شاری لیوشۆن و دالیانی داگیرکرد , لە 1931 هێرشی کردە سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی چین , لە ساڵی 1937 جەنگی گشتی لە نێوان ژاپۆن و چین دەستی پێکرد , ژاپۆنیەکان لە هەموو جێگەیەك هاووڵاتییە سڤیلەکانیان دەکوشت و سەروەت و سامانیانی تاڵاندەکرد .

هاوکات سوکایەتیش بە کەرامەتی ئەم وڵاتە کرا : سەدان هەزار ژنی ڕابواردن , لە لایەن سوپای ژاپۆنییەوە بەکارهێنرا بۆ ڕابواردنی سەربازەکان ( جرائم العدوان الياباني على الصين- بروفيسور جين شي دة – الصيوم اليوم عدد8 سنة 2005) .

پێش سەرکەوتنی شۆڕش , تەنها سێیەکی پرۆژە ئابوورییەکان , سەر بە کەرتی دەوڵەتی بوون , وەلێ کە شۆڕش سەرکەوت سەرتاپای کران بە کەرتی دەوڵەتی . ئابووری چین بەهۆی 109 ساڵ داگیرکاری و جەنگەوە داڕما بوو , کۆمۆنیستەکان هاتنە سەر وڵاتێکی دواکەوتوی وێرانە , نرخی گشتی بەرهەمی پیشەسازی چینی لە سەروبەندی سەرکەوتنی شۆڕشدا تەنها بایی 1400 ملیۆن یوان بوو . لە ساڵی 1952 کۆی بەرهەمی نەتەوەیی هەموو چین دەیکردە تەنها 67,9 ملیار یوان .

بەشی زۆری پرۆژە ئابوورییەکانی چین , خاوەنداریەتییان دەگەڕایەوە بۆ خێزانی دەسەڵاتدار و ژاپۆنییەکان , بەشێکی بچوکتریان بۆ دەرەبەگەکان و سەرمایەدارانی ساوای تازە پێگەیشتوو .

( حکومەت دەستی بەسەر سەروەت و سامانی ژاپۆنی و خێزانی کۆمینتاغ گرت , ئەوان خاوەندی :

80٪ سەرمایەی بانکەکان , 67٪ وزە , 33٪ کانەکانی خەڵوز , 90٪ بەرهەم هێنانی کانزا , 38٪ بەرهەم هێنانی ئاسن , 4٪ دەریاوانی هەڵمی , بەشی زۆری هێڵی شەمەندەفەر و گواستنەوەی دەریایی بوون - الثورة الصينية – جزء الثاني- الفصل السابع- بيير روسية – حوار المتمدن 16-10-2005) .

لە ساڵی 1950 دەوڵەت 51٪ ی بەرهەمی پیشەسازی و 5٪ کەرتی تێکەڵی بەرهەم دەهێنا _ الثورة الصينية – جزء الثاني- الفصل السابع- بيير روسية – حوار المتمدن 16-10-2005) .

لە ئەنجامی ئەو چاکسازییەی شۆڕش ئەنجامی دا , بە قازانجی جوتیاران , 300 ملیۆن جوتیاری چینی 47 ملیۆن هیکتار زەویان وەرگرت , بەمەش بەشی زۆری جوتیارانی چینی بوونە خاوەند زەوی خۆیان . لە ساڵی 1949 –1985 حکومەتی چین دانەوێڵەی لە جوتیاران دەکڕییەوە و پاشان بە هاوڵاتییانی دەفرۆشتەوە( 5–6–2004 شینخوا) .

ئەم کڕینەوەی دانەوێڵەیە لە جوتیاران , لە وڵاتی سۆڤیەت نەبوو , کە هۆکاری زێدە بەرهەمهێنان بوو لە لایەن جوتیارانەوە , ئەمە بووە هۆی ئەوەی کەرتی کشتوکاڵ لە چین زیندووی خۆی بپارێزێت , هەردەم

بەرهەم بتوانێت پێداویستی هاووڵاتیان دابین بکات , لە وڵاتێکدا 25٪ دانیشتووانی زەوی پێك دەهێنێت , لە کاتێکدا تەنها خاوەندی 7٪ زەوی کشت و کاڵی جیهانییە , بەشی تاکی چینی لە زەوی کشت و کاڵی 40٪ ڕێژەی جیهانییە (شینخوا 12-4-2006 ) .

ئەوە نییە تەنها ئامارەکانی چین ئەوە بڵێن کە توانای بەرهەم هێنانی خۆراکی بۆ سەرجەم دانیشتووانەکەی هەبوو , بەڵکە ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی– فاو دەڵێت : چین لە بواری بەرهەم هێنانی خۆراك , لە نێوان ساڵانی 1955 – 1958 , بە ڕێژەی 50-105٪ گەشەیکرد , توانای هەبوو بۆ هەموو دانیشتوانەکەی خۆراك دابین بکات ( كتاب ماو القصة المجهولة – حلقة2 , بيان 23-6-2006) .

لە ساڵی 1952 پاش چاکسازی زەوی , چین لە برنجدا اکتفای کرد– انقلاب سوسیالستی چینی – حقیقت ژمارە 22 – اورگان حزب کومونیست ایران(مارکسیست–لینینست– مائوست)–1384).

وەلێ هەندێك وای بۆ دەچن بەرهەم بۆ تێرکردنی هاووڵاتیان نەبووە بەڵکە بۆ ناردنە دەرەوە بووە " 200کگم دانەوێڵەو 1 کگم ڕۆن لە ساڵێکدا دراوە بە جوتیاران " ( كتاب ماو – القصة المجهولة جزء3 , جونغ تشانغ و جوت هاليدي- جزء4, 25-6-2006 بيان).

کەچی دەبینین لەو ماوانە چین خۆراکی ناردۆتە دەرەوە , لە کاتێکدا خەڵکەکەی بە قسەی نەیارانی تێر نەبوونە ( لە نێوان ساڵانی 1958–1959 چین 7 ملیۆن تەن دانەوێڵەی ناردە دەرەوە , کە خەڵکەکەی خۆی پێویستییان پێی بوو ( كتاب – ماو القصة مجهولة – جزء5 , بيان 9504, 26-6-2006)
.

لە ساڵی 1958 چین داوای یارمەتی بۆ بەرهەم هێنانی ژێر ئاو گری (غەواصە) کرد لە سۆڤیەت , خرۆشۆف وتی : چیتان هەیە بیدەن لە بەرامبەری , ماو لە وەڵامدا وتی : خۆراکمان زۆرە ( كتاب – ناو القصة مجهولة –جزء5 , بيان 9504, 26-6-2006) .

هەرچەندە نەیارانی شۆڕش ئەو ڕەخنانە لە چین دەگرن , وەلێ کەمێك زیاتر ناگەڕێنە دواوە بزانن پێش سەرکەوتنی شۆڕش چینییەکان چۆن ژیاون و کەرامەتیان چۆن پارێزراوە ( لە ساڵی 1949 ماو وتی : چین هەڵسا , چارەنووسی خۆی هەتا هەتایە دیاری دەکات , ئەمە یەکەم وتەی ماو بوو لە دوای سەرکەوتن . پێش سەرکەوتن چینییەکان منداڵەکانیان بە 100–200 دۆلار دەفرۆشت , پەلکی ڕوەکیان کۆ دەکردەوە بۆ خواردن (كتاب- ماو تسي تونغ – فايار – باريس 2005 , بيان 31-10-2005).

دانیشتوان چین پێش سەرکەوتنی شۆڕش بە دەست چوارینەی ( هەژاری , نەخوێندەواری , نەخۆشی , زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان ) دەتلایەوە , بە زانست و پشوو درێژی بەسەریدا زاڵ بوون .

شەنگەهای پێش ڕزگارکردنی کەوتبووە ژێر زبڵدانەوە , ئاوی پاکیان نەبوو , کوتەك لێدان لەناو کارگاکان هەبوو . سەعاتی کار 12–16 کاتژمێر بوو لە ڕۆژێکدا , کۆمۆنیستەکان کردیان بە 8 کاتژمێر لە ڕۆژێکدا , بە چەند ساڵێك هەق دەست چەند بەرامبەر چووە سەر .

قوتابخانەی ساوایان , شیرانگە , چایخانە , شوێنی گشتی دروستکرا , ئەمن و ئاسایش گەڕایەوە , ملیۆنان کەس پەیوەست بوون بە پارتەوە ( انقلاب سوسیالستی چینی – حقیقت ژمارە 22 – اورگان حزب کومونیست ایران(مارکسیست–لینینست– مائوست)–1384) .

شەنگەهای هەڵسایەوە لە ژێر زبڵدان , لە ساڵی 1950 یەکەم ئۆتۆمۆبێلی چینی لە شەنگەهای بەرهەم هێنرا , ئێستا چارەکی ئۆتۆمۆبێلی چینی لە شەنگەهای بەرهەم دەهێنرێت , واتا لە زبلخانەوە بووبە کارخانە .

لە ساڵی 1949 یەك هەڵگری بروانامەی دکتۆرا لە چیندا نەبوو (یسار جدید ام متجدد , د.ابراهیم اسماعیل – طریق الشعب عدد 48, 1-11-2005) .

کەچی تەنها لە ساڵی 1998 ژمارەی 8957 قوتابی بڕوانامەی دکتۆراو 38051 قوتابیش بڕوانامەی ماجستێر بەدەست دەهێنن ( تجربة الصین في مواجهة العولمة – عبدالرحمان تیشوري – حوار المتمدن 1370,6-11-2005) .

لە ساڵی 1949 , تەنها 30000 سستەر لە چیندا هەبووە ,لە 2004 گەیشتە 1,266 ملیۆن سستەر (12–5–2004 شینخوا) .

تاکو ساڵی 1980 لە چی تەنهان 3 پارێزەر هەبوو , ئێستا(2001) ژمارەی گەیشتووە بە 150000 , ساڵی 1980 نزیك بە 45 سەرۆکایەتی دەرچووی کۆلێژ بوون , ئێستا 90٪ یان دەرچوی کۆلێژن ( الشرق الاوسط 6-9-2001 , 8318عدد ) . چین ئێستا بە ئەندازەی ئەمەریکا ئەندازیاری هەیە , بەڵام کادری زانکۆیی 350٪ زیاترە لە ئەمەریکا ( الحیاة 14-6-2006 , بول الاشقر , الصین ستستثمر 100 ملیار دولار.....).

ئێستا ڕێژەی پەیوەندیکردنی منداڵان بە قوتابخانەی سەرەتاییەوە 99,15٪ (شبکة صین 11-7-2006) .

نەخوێندەواری لە شار ڕێژەی 5,22٪ , لە لادێ 11,05٪ یە , بەشێوەی گشتی 91٪ هاوولاتیان خوێندنی سەرەتایی و بالاتریان تەواو کردووە ( صین جدیدة- عدد3-2006) واتا ڕێژەی خوێندەواری لەو ژمارەیە بەرزترە , لەبەرامبەردا ڕێژەی خوێندەواری لە هندستان 61٪.

هەرچەندە ماو قەت زیادەڕۆیی نەکردووە بە پێشکەوتنەکانییەوە , خۆراکی چارەکی دانیشتوانی زەوی دا , خانوی بۆ دابینکردن , خوێندنی بۆیان مسۆگەرکرد و تاکو ڕادەیەك بنەبڕی نەخوێندەواری کرد , دوژمنانی مارکسیەتیش بەسەر ئەمە دەستکەوت و بەهایانەیا باز نادەن و پشتگیری دەکەن .

لینین بە تەوازعەوە گوتویەتی : تەنها فریای ئەوەندە کەوتوومە هەندێك گۆڕانکاری لە پەکین و دەوروبەرەکەی بکەم ( حیاە 5–12–2005 ) .

ڕوخان دوایی دروستکردنەوە نەخشەی ماو بوو لە پێش سەرکەوتنی شۆڕش , واتا هاتە سەر ولاتێك بەشێکی خۆی ڕوخاندبووی ( کتاب ماو القصة المجهولة – حلقة2 , بیان 23-6-2006) .

بە پێی هەنێك زانیاری نەیارانی ماو , لە سەردەمی ماو 27 ملیۆن چینی لە سەربازگاکان مردوونە , لە نێوان 38 ملیۆن هاوولاتی لە برسان و لە ژێر کاری قورس گیانیان لە دەست دا .

هەڵواسین و خۆکوژی ... لە نێوان ساڵانی 1950–1951 بە تەنها نزیك بە 3 ملیۆن کەس بوو .

ماو گوتی : لە گەڵ ئەنجامدانی هەموو ئەو پرۆژانە , لەوانەیە نیوەی دانیشتووانی چین بمرن , ئەگەر نیوەش نەمرن , سێ یەك , دەیەك , 50 ملیۆنیان بمرن , بۆتان نییە من تاوانبار بکەن بە مردنی خەڵك .

هەروەها لە ساڵی 1957 ,  لە كاتی سەردانی بۆ سۆڤیەت گوتی : لە پێناو سەركەوتنی شۆڕشی جیهانی , ئامادەیی بەخشینی 300 ملیۆن قوربانیمان هەیە , لەو كاتە چین دوو ئەوەندە بوو ( كتاب – ناو القصة مجهولة –جزء5 , بيان 9504, 26-6-2006) .
هەندێكی دیكە ژمارەی قوربانیان بەهۆی كار و برسێتییەوە بە 38 ملیۆن دیاری دەكەن  (ماوتسي تؤنغ- الاتحاد 11114-9-12-2005-  الوجة والاسطورة ) .

سەرباری ڕەخنەی نەیاران , ماو وڵاتی لە پارچەپارچەیی دەركرد و سەدان ملیۆن مرۆڤی لە هەژاری ڕزگاركرد , ئەوانەی ئەو ڕەخنانە دەگرن چاویان چین لە پێش سەركەوتن نابینێت .

93٪ جوتیاران بەرهەمهێنەری بچووكن , ئەو زەوییەی بە دەستیانەوەیە لە 2 هكتار تێی ناپەڕاند ( اهرام 43478 , 20–12–2005) , بەڵام هەر توانیان بەسەر برسێتیدا سەركەون .

لە ساڵی 1950 ەوە زەوی و زەویوزاری لادێ موڵكداری  كشتی هەموو خەڵكەكە بوو , بەڵام بەرپرسانی دەوڵەت و حیزبی وەك موڵكدارییەتی تایبەتی خۆیان سەیریان دەكرد ( كفاية- زد بالعربي- جون تشان – استمرار تمردات فلاحين في صين,27-6-2005).
بەڵام نابێت ئەوە لە بیر بكەین تاكو  ئێستاش جوتیاران زەوییان بە دەستەوەیە (سمير امين 25-2-2005 , هل تمثل اسيا الصاعدة تحديا للنظام الامبريالي ) . تاكو ئێستاش 750 ملیۆن جوتیار گرێبەستی زەوییان كردووە  بۆ ماوەی 20ساڵ .

لەهەردوو ئەزمونی( سۆڤیەت و چین ) ەوە  ئەوەمان بۆ  دەركەوت , جوتیاران بەرهەم بۆ خۆیان نەبێت , گرنگی نادەن پێی  .

ساڵی 1956 بۆ 1960 بەرهەمی كشت و كاڵ 13–14٪  پوكایەوە  ,   لە ساڵی 1962 بەرهەم بە ڕێژەی 2٪ لە خوار ساڵی 1952 ەوە بوو , لە نێوان ساڵانی 1958 بۆ 1961 زیاتر لە 14 ملیۆن هاوڵاتی چینی لە برسان مردن .

چین لە ساڵی 1949دا تەنها 113,2 ملیۆن تەن دانەوێڵەی بەرهەم دەهێنا , لە ساڵی 1980دا , ئەم برە گەیشتە 318,2 ملیۆن تەن , بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی 3,3٪ لە ماوەی ئەو 31 ساڵەدا (الصين- دراسة في الجيوبولتك-د.صباح محمود محمد-ص34) ,  ساڵی 2004 بەرهەمی دانەوێڵە گەیشتە 468 ملیۆن تەن .

لە ساڵی 1978 ەوە بۆ 2003 , بەرهەمی دانەوێڵە لە 300 ملیۆن تەنەوە بەرز بوەوە بۆ 500 ملیۆن تەن , چین یەكەمە لە جیهان لە بواری ئاژەڵداری , لۆكە , كەرەستەی ڕۆن , میوە , گۆشت , بەرووبوومی ئاژەڵداری (شبكة صين 12-9-2005) .

لە ماوەی نەخشەی پێنج ساڵەی یانزەهەمین , چین بەرهەم هێنانی دانەوێڵە دەگەیەنێتە 500 ملیۆن تەن , ساڵی 2005 گەیشتە 484,01 ملیۆن تەن . زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان , كەمبونەوەی زەوی كشت و كاڵی , كەمی ئاو كێشەكانی كشت و كاڵی چینین ( 7-3-2006 شبكة صين ) .
لە ساڵی 2006 چین تەنها 15 تەن دانەوێڵەی كەمە لە پێداویستی وڵات  , ساڵی 2005 بەرهەمی دانەوێڵە گەیشتە 480 ملیۆن تەن .

سالّی 2003 کەمهێنانی چین لە دانەوێڵە 50 تەن بوو , لەسالّی 2006 کەمهێنان تەنها 15 تەنە , پێشبینی وایە لە سالّی 2006 چین 495 تەن دانەوێڵە بەرهەم دەهێنێت

لە سالّی 2005 چین 182 ملیۆن تەن برنج , 97,5 ملیۆن تەن گەنم , 134,5 ملیۆن تەن گەنمە شامی بەرهەم دەهێنێت (29-11-2005 شینخوا) .

چین جگە لە چەند سالّێکی کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان , لە هەموو برگەکانی مێژووی نوێی خۆیدا , توانیویەتی پێداویستیەکانیی خۆی , لە بەروبوومی خۆراك بە تایبەت دانەوێڵە وەك خۆراکی ستراتیژی بۆ هاوولاتیانی دابین بکات , ئەمەش بە پرینتێکی پۆزەتیف بۆی نووسراوە هەرچەندە ئێستا کەمهێنانی دانەوێڵە نزیك 15 ملیۆن کیلۆیە , وەلیّ ناردەی بەروبوومی کشتوکالّی 25 ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە " ناردەی کشتوکالّی چین 3,6٪ کۆی ناردەی چینییە , 3,2٪ ناردەی بەرهەمی کشت و کالّی جیهانییە , تاکو سالّی 2010 پێشبینی وایا بگاتە 30 ملیاردۆلار (28-6-2006 شینخوا ) .




| | عام ١٩٥٣ | عام ١٩٦٤ | عام ١٩٨٢ | عام ١٩٩٠ | عام ٢٠٠٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| النسبة بين الذكور والإناث (الإناث ١٠٠ %) | ١٠٧ر٥٦ | ١٠٥ر٤٦ | ١٠٦ر٣٠ | ١٠٦ر٦٠ | ١٠٦ر٧٤ |
| حجم العائلة (نسمة/ عائلة) | ٤ر٣٣ | ٤ر٤٣ | ٤ر٤١ | ٣ر٩٦ | ٣ر٤٤ |

ملاحظة: لم يشتمل هذا الجدول على المعطيات في منطقتي هونغ كونغ وماكاو الإداريتين الخاصتين ومقاطعة تايوان

یەکێك لە کێشەکانی کەرتی کشت و کالّی چینی , کەمبونەوەی زەوی کشتوکالّییە بەهۆی بەکارهێنانی لە بواری ئاوەدانی شارەکان , پیشەسازی و پرۆژەی ئابووری , کردنەوەی باخچە و شوێنی گشتی , هەروەها بە هۆی تێك چوونی ژینگەوە دیاردەی بە بیابان بوون تەشەنەی کردووە بەم هۆیەوە مەزەندە دەکرێت لە سالآنی داهاتوو **"40 ملیۆن جوتیار بەشێك لە زەوییەکانیان یاخود هەمووی لە دەست بدەن (27-10-2005 شینخوا)** .

**لە سالّی 1978چاکسازی لە لادێوە دەستپێکرد , لە نێوان سالآنی 1978-1984دا , پاش ئەوەی چاکسازیی لە لادێ ئەنجام درا , بەرهەمی کشت و کالّ بە رێژەی 2 لەسەر 3 چووە سەر (مستقبل الرأسمالية-لستر لوثر-ترجة عزيز سباهي-ص68).**

ئەمەش هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ گەشەکردنی کەرتی کشت و کاڵ , پێشتر تەکانی وا گەورەی بەخۆوە نەبینیبوو , زیادکردنی بەرهەمی کشت و کاڵ , بۆ وەڵام دانەوە بە پێداویستی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان گرنگە .

ئەگەر کشت و کال لە کەرتی گشتییەوە , بگۆرێت بۆ کەرتی تایبەت , ئەوا پێویستە ئۆتۆمۆبێل هەبێت بۆ گواستنەوەی بەرهەمی زێدە بۆ شار , دوکان هەبێت بۆ ساغکردنەوەی بەروبومەکە , بازرگان هەبێت بۆ کرین و گواستنەوە و فرۆشتنی , کریار هەبێت بۆ کرینی , دراو هەبێت بۆ مامەڵەکردنی ... . بەم جۆرە چاکسازیی لە کەرتی کشت و کاڵ , لەگەڵ خۆیدا کەرتەکانی دیکەش پەلکێش دەکاتە ناو سوڕی بازرگانییەوە , ئەوکات پێویست بەوە دەکات , هەمان چاکسازی لە کەرتەکان دیکەش ئەنجامبدرێت , وەك پێداویستییەك بۆ درێژەدان بە سوڕی بەرهەمهێنان.

ساڵی 1949 , بەشداری تەکنەلۆژیا لە کشت و کاڵدا تەنها 20٪ بوو , بەڵام ئێستا گەیشتووە بە ڕێژەی 42 ٪ , ئەم ڕێژەیەش زۆر لە خوار وڵاتە پێشکەوتووەکانەوەیە , پێشبینی دەکرێت ساڵ بەساڵ بچێتە سەر .

لە ساڵی 1949 دا , کەرتی کشت و کاڵ 50٪ بەرهەمی نەتەوەیی وڵاتی پێك دەهێنا , ساڵی 1955 ئەم ڕێژەیە دابەزی بۆ 41٪ , لە ساڵی 1965 زیاتر هاتە خوارەوە بۆ 31٪ و ساڵی 1975 بوو بە 25٪ , وەلێ پاش ئەو چاکسازییانەی لە بواری کەرتی کشت و کاڵ لە ساڵی 1979ئەنجام دران , بەشداری کەرتی کشت و کاڵ لە کۆی ئابووری وڵات بەرز بووەوە بۆ 33٪ , ئەم بەرزبونەوەیەش بەهۆی دابەزینی دوو کەرتەکەی دیکە پیشەسازی و خزمەتگوزارییەوە نەبوو , بەڵکە بەهۆی بەرز بوونەوەی ڕێژەی بەرهەمی کشت و کاڵەوە بوو لە کۆی بەرهەمی نەتەوەیی وڵات .

بەشداری لادێ لە بەرهەمهێنانی دەرامەتی نەتەوەیی لە ئاستی نزمدایە " لادێ 15٪ بەرهەمی نەتەوەیی چین دیاریدەکات (صراع الفقراء والاغنياء- الاشتراكية على الطريقة الصينية 14-3-2006 جزيرة نيت ) .

هەرچەندە لادێ 57٪ دانیشتووانی چین دیاری دەکات ( شبكة الصين 1-9-2006) . دیارە بەردەوام ڕێژەی کرێکارانی کەرتی کشت و کاڵ لە کۆی ژمارەی هێزی کرێکار لە کەمبونەوەدایە ( لە ماوەی کەمتر لە نەوەیەك ژمارەی کرێکاران لە کەرتی کشت و کاڵی لە 68,9٪ دابەزی بۆ 46,9٪ (الحياة 15-11-2002 , عدد14484 , وضاح شرارة ).

لە نەخشەی پێنج ساڵەی یەکەمدا ( 1952–1957 ) ئابووری چین بە ڕێژەی ساڵانەی 8,6٪ گەشەی کرد , ئەمەش گەورەترین ڕێژەی گەشەکردن بوو تاکو ئەوکات لە مێژووی هاوچەرخی چیندا .

هاوزەمان پیشەسازی فرۆکەوانی – ئۆتۆمۆبێل – ئامێری کارکردن – ئامێری بەرهەم هێنانی کارەبا , کانەکان , پۆڵا ... بە کۆمەڵ گەشەیان کرد , لە سەرکەوتنی شۆڕشەوە تاکو ساڵی 1966 , جگە لە ساڵەکانی 1961 و 1962 بەهۆی پاشەکشەی سۆڤیەت و ساڵی 1966 کە ساڵی دەست پێکردنی شۆڕشی ڕۆشنبیری بوو ( لە بەرواری 16–5–1966 شۆڕشی ڕۆشنبیری ڕاگەیەنرا ) تیایدا کەرتی پیشەسازی پوکایەوە , هەموو ساڵەکانی دیکە , ئەم کەرتە بە پۆزەتیڤ گەشەی کردووە , نرخی بەرهەمی پیشەسازی بە پێی نرخی بازاڕ 3 جار زیادی کرد .

له نێوان سالآنی 1950–1990 , چین بەرێژەی 2 ئەوەندەی هیند گەشەیکرد (سمیر امین 25-2-2005 , هل تمثل اسیا الصاعدة تحدیا للنظام الامبریالي ) .
ئەمەش ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە کە پێشکەوتنی ئابووری پەیوەست دەکەن بە لیبراڵییەتی ئابووری و سیاسییەوە .
هاوکات داهاتی تاکی چینی لەو ماوەیەدا , بە ڕێژەی 58٪ چووە سەر , لە نێوان ساڵەکانی 1966 – 1976دا ئابووری چین لە کۆی گشتیدا پوکایەوە , بەهۆی شوێنەوارەکانی شۆڕشی ڕۆشنبیرییەوە , کە نا ئارامی سیاسی و هەرج و مەرجی لە کۆمەڵگادا بەرهەم هێنا , هەرچەندە لە دوای حەفتاکانەوە ئابووری دەستی کردەوە بە گەشەکردن , بەرهەمی پیشەسازی چینی لە نێوان سالآنی1952 –1957 بە ڕێژەی 19٪ و داهاتی تاك بە ڕێژەی 9٪ و کشت و کاڵ بە ڕێژەی 4٪ گەشەیان کرد .
له نێوان سالآنی 1950 –1980 , ڕێژەی گەشەی سالآنەی کەرتی کشت و کاڵ , بە رێژەی 4 ٪ و پیشەسازی بە ڕێژەی 13٪ بوو .
لە سالآنی چل و پەنجاکاندا , بازرگانی تەنها 2٪ بەرهەمی نەتەوەیی چینی دیاری دەکرد , لەساڵی 1979 دا ئەم ڕێژەیە گەیشتە تەنها 6٪ , چونکە لەو ماوەیە ولآت دەرگای لەسەر خۆی داخستبوو , باوەڕی بە سیاسەتی بەس بوون هەبوو , زیاد بوونی ڕێژەی بازرگانی بە پێی داهاتی نەتەوەیی , مانای تەندروست بوونی باری ئابووری هەر ولآتێکە , ئێستا ئەم ڕێژەیە لە چین گەیشتۆتە زیاتر لە 68,2٪ , دیارە باوەڕ نەبوون بە بەرهەم هێنان بۆ بازاڕ و گرنگی نەدان بە باشی بەرهەم و دەرگای ولآت داخستن هۆکاری ئەو دواکەوتنە بوو .
ماو بۆ ماوەی 30 ساڵ دەرگای لەسەر چین داخست , پشتی بە سیاسەتی بەسبوون دەبەست , چین 50٪ بەرهەمی دەنارده دەرەوە , بەلآم ئێستا ئەو ڕێژەیە تەنها 22٪ , کەچی لە ساڵی 1972 بەشی چین لە بازرگانی جیهانی 1٪ بوو , لە ساڵی 2000 گەیشتە 4٪ .
چینییەکان نەتەوەیەکی کردەیین نەك پراگماتیك ( ئاسیا لە بەرامبەر خۆرئاوادا – داریوش شایگان – و. شۆڕش جوانڕۆیی , مامەند ڕۆژە , وزارەتی ڕۆشنبیری ساڵی 2004 – ل 219 ) . بۆیە هەرچوونە ناو کارەوە موعجیزە دەخولقێنن و سەرکەوتوو دەبن .
ئینگلیزەکان لە نێوان سالآنی 1780–1838 , واتا بە 58 ساڵ بەرهەمی نەتەوەیی ولآتەکەیان کرد بە دوو بەرامبەر , بەلآم ئەمەریکا لە نێوان سالآنی 1839–1886 واتا بە 47 ساڵ داهاتی نەتەوەیی ولآتەکەیان کرد بە دوو بەرامبەر , بەلآم چین هەمان ئەرکی بە 9 ساڵ بەجێ گەیاند . چۆن لە شۆڕشی یەکەمدا بە ئازایەتی موعجیزەیان خولقاند , بەهەمان شێوە لە شۆڕشی سێیەمیشدا بە دەستڕەنگینی و عەقڵی گەورەیان موعجیزەیەکی دیکەیان خولقاندەوە . شۆڕشی سێیەمی چینی شۆڕشی تەکنەلۆژییە , شۆڕشی یەکەم سیاسی بوو 1949 , شۆڕشی دووەم شۆڕشی ڕۆشنبیری بوو .
لە بواری ئابووریدا ئەمڕۆ هەواڵەکانی چین ڕوپەڕی ڕۆژنامەکان و شاشەی تەلەفزیۆنەکانی پاوانکردووە , تاکو ئێستا کەرتی پیشەسازی تەکنەلۆژیا تەنها تایبەت بوو بە ولآتە پێشکەوتووەکان , بەلآم چین ئەو مەحرەمەی بەزاند , بە کڕینی کۆمپانیای ئا بی ئێم وەرەی چینی لەم کەرتەدا زیاتر بەرز کردەوە .

**له سەرەتادا** , ماو تەحەدای نەخشەی ستالینی کرد بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم لە چین , نەیاری خۆی دەربڕی بۆ پڕۆژەی ڕۆژئاواییانەی سۆسیالستی سۆڤییەتی , کە خۆی لە بە شارکردن و پیشەسازیکردندا دەبینییەوە , بگرە بە پەیرەوکردنی سستەمی هۆکۆ (1958) ڕێگر بوو لە کۆچی جوتیاران بۆ شار (هل ینبغي الخوف من الصين – بیان 9566, 27-8-2006 , بوریس کامبریلان – جزء 4) .
هەرچەندە ئابووری نوێ ڕۆڵی باڵا دەگێڕێت لە کۆی ئابووری وڵات , لەم سەردەمە لادێ بەشی بچووك لە ئابووری وڵات دیاریدەکات , بۆیە بەشارکردن مەرجی گەشەدانە بە ئابووری .

پڕۆژەی سۆسیالزمی بازاڕی ئێستا , هەنگاوە بۆ ڕزگار بوون لە تێکشکانەکانی شۆڕشی ڕۆشنبیری ( مناهضة العولمة-سمير امين-فرانسوا اوتار – مكتبة مدبولي-ص47).
پیشەسازیکردن نەك تەنها مەرجی سەرکەوتنی پڕۆژەی ئابووری سۆسیالستییە لە هەر وڵاتێکدا , بگرە کەرتی کشت و کاڵیش بە بێ بوونی پیشەسازی گەشەکردوو و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و نوێ , ناتوانێت پێش بکەوێت , وەڵام بە نیاز و پێداویستی دانیشتوانی وڵاتێکی وەك چین بداتەوە .
لە ساڵی 1949 دا , چین کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی دواکەوتوو بوو , یەکێك بوو لە وڵاتە هەرە هەژارەکانی جیهان , لە نێوان ساڵانی 1952 بۆ 1978 بەشێوەی گشتی , بە ڕێژەی 4 – 6٪ ساڵانە گەشەی کردووە ( مناهضة العولمة-سمير امين-فرانسوا اوتار – مكتبة مدبولي-ص40).
هەرچی کەرتی بازرگانییە, ئەوا لە ساڵی 1970 تەنها 1,7٪ گەشەی کرد , لە ساڵی 1975 ڕێژەی گەشەکردنی بوو بە 3,9٪ .
لە دوای مردنی ماو لە ساڵی 1976 , گروپی چوار کەسی قەدەغەی هاوردەی کەلوپەلی بێگانەیان کرد بۆ ناو چین , بۆیە بازرگانی ئەو ساڵە پوکایەوە , ساڵی 1979 بەشداری چین لە کۆی بازرگانی جیهانی تەنها بە ڕێژەی 0,7٪ بوو , لە ساڵی 1985دا بەرز بووەوە بۆ 2٪ , ڕیزبەندی لە ڕیزی وڵاتانی جیهانی بوو بە 16ەمین , ئێستا سێیەم وڵاتە لە پاش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەڵمانیاوە .
لە ساڵی 1977 , چین 31هەمین وڵاتی بازرگانی بوو لە جیهاندا , ئێستا لە ڕیزی سێهەمە , پێشبینی وایە لە 10 ساڵی داهاتوودا ببێتە یەکەم وڵاتی بازرگانی لە جیهاندا , قەبارەی بازرگانی چین لەگەڵ ئەمەریکا لە ساڵی 1979 ەوە 80 جار زیادیکردووە . لە دوای ساڵی 2001 ەوە , کە چین چۆتە ناو ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییەوە , بازرگانییەکەی ساڵانە بەڕێژەی 27,4٪ گەشەی کردووە .
بازرگانی 60٪ بەرهەمی نەتەوەیی چین بووە لە ساڵی 2004 , ئەمەش مەترسیدارە بەهۆی پوکانەوەی ئابووری جیهانییەوە (شبكە صين 20–4–2005). چونکە بەهۆی ئەوەی بەرهەم بۆ ناردەیە نەك بازاڕی ناوخۆ , بۆیە زوو دەکەوێتە ژێر کاریگەری قەیرانەکانی دەرەوە .
سەرتاپای ساڵانی هەشتاکان , بازرگانی دەرەوەی چینی کەمی هێنا , بەڵام لە نەوەدەکان ڕێژەی زیادەی بازرگانی گەیشتە 15,6 ملیار دۆلار , دوای پەیوەست بوونی چین بە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییەوە لە ساڵی 2001 , کۆی ڕێژەی زێدەی بازرگانی لە 2001–2004 گەیشتە 47 ملیار دۆلار ( شینخوا 19–12–2005).

12 ساڵە لەسەر یەك چین زێدەی بازرگانی هەیە , ئەمە بەرەوام بووە تاكو ساڵی 2005 گەیشتە ترۆپكی خۆی 101,8 ملیار بوو , ئەمساڵ پێشبینی دەكرێت لە نێوان 120–130 ملیار بێت ( شبكە صین – 27–6–2006 ) .

نیوەی یەكەمی ئەمساڵ قەبارەی بازرگانی گەیشتە 795,74 ملیار دۆلار , بە زیادەی 23,4٪ , زێدەی بازرگانیش گەیشتە 61,44 ملیار دۆلار بە زیادەی 54,9٪ زیاتر لە ساڵی پێشوو (12–7–2006 شینخوا) .

هەرچی وەبەرهێنانە , لە نێوان ساڵەكانی 1952–1980 , سەرمایەگوزاری لەبواری پیشەسازی ڕێژەی 85,9٪ كۆی سەرمایەگوزاری گشتی وڵاتی پێك دەهێنا , ئەمەش دەربڕی گرنگی پێدان بوو بەم كەرتە لە لایەن دەوڵەتەوە , بەڵام بەهۆی نەبوونی سەرمایەگوزاری بێگانەوە لە پێش چاكسازییەكان , نەتوانرا كەڵك لە ئەزموون و تەكنەلۆژیای بێگانە وەربگرترێت بۆ باشتركردن و پێشخستن و زۆركردنی بەرهەم .

سەرمایەگوزاری جێگیر لە چین ئێستا ساڵانە بە ئەندازەی دروستكردنی شارێكی وەك تكساسە " لە ماوەی 10 مانگدا سەرمایەگوزاری جێگیر گەیشتە 687,9404 ملیار دۆلار , لەوە 145,11713 لە بواری تەلارسازی بەكار هێنرا (17–11–2005 شینخوا) .

سەرمایەگوزاری بێگانە 12٪ ی كۆی سەرمایەگوزاری جێگیری وڵاتە پێك دەهێنێت , بەرهەمی سەرمایەگوزاری بێگانە , 57٪ی ناردەی وڵاتە , 28٪ ی نرخەی زیدەی پیشەسازی وڵاتە , 24 ملیۆن كرێكار لە پرۆژەكانی بەكاردەهێنێت , كە دەكاتە 10٪ هێزی كاری چینی (13–7–2005شینخوا). كۆی گشتی 525,378 كۆمپانیا , بە سەرمایەگوزاری بێگانە تاكو نیوەی ساڵی 2005 لە چین دامەزراوە , كۆی گشتی سەرمایەگوزاری بێگانە لە چین دەیكردە 584,4ملیار دۆلار , كە دەكاتە 12٪ كۆی سەرمایەیەگوزاری جێگیری چینی , ئەم كۆمپانیانە 57٪ هەناردەی چین دیاریدەكەن , 400 لە كۆی 500 كۆمپانیای گەورەی جیهانی سەرمایەگوزاریان كردووە لە چین (1–7–2005 شینخوا). ئێستا ئەو ژمارەیە گەیشتووە بە 450 كۆمپانیا لە كۆی 500 كۆمپانیا فرە ڕەگەزەكان سەرمایەگوزاریان كردووە لە چین .

سەرمایەگوزاری بێگانە لە كۆتایی 2004 گەیشتە 562,1 ملیار دۆلار , پاشەكەوتی دراو لە چین دەگاتە 45٪ , ئەمەش بەرزترین ڕێژەی پاشەكەوتە لە جیهان ( الشرق الاوسط- 5-6-2005- ناصر تميمي).

سەرمایەگوزاری بێگانە لەگەڵ هاتنی خۆی , تەكنەلۆژیای بێگانە , كارامەیی و ئەزموونی بێگانە دەهێنێت .

بەهۆی سەرمایەگوزاری بێگانە لە چین و سەرمایەگوزاری چین لە دەرەوە (گەیشتە 50 ملیار دۆلار ) , چینییەكان ئەزموونیان پەیداكرد لە تەكنەلۆژیای بێگانە , لە ڕێگای ناردنی كرێكار بۆ دەرەوە هەروەها هاتنی پسپۆر و كرێكاری بێگانە بۆ وڵات . تەنانەت بەشی زۆری هێزی كاری چینی تێكەڵ بە شێوازی نوێی ئابووری بوون لە ڕێگەی سەرمایەگوزاری بێگانەوە .

كۆمەڵگەی چینی كۆمەڵگەیەكی كاربردی نییە , بۆیە ڕێژەی پاشەكەوت وا بەرزە , ئەم ڕێژەی بەرزی پاشەكەوتە دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی دراو لە بانكەكان , بەرزبوونەوەی سەرمایەگوزاری ناوخۆو دەرەوە و زێدەی بازرگانی .

ئەسپاردەی یوان لە بانکەکانی چینی تاکو کۆتایی یۆنی 2006 گەیشتە 31,85 ترلیۆن یوان بە زیادەی 36,18٪ لەچەو ساڵی پێشوو , لە ماوەی نیو ساڵدا 3,23 ترلیۆن یوان زیادیکرد , ڕاسپاردەی هاووڵاتیان 1,42 ترلیۆن چووە سەر , بەڵام ڕاسپاردە بە دۆلار گەیشتە 161 ملیار دۆلار ( شینخوا 15–7–2006)
.

لە کاتێکدا چین لە ساڵی 1978 تەنها 167 ملیۆن دۆلار بوو یەدەکی بیانی بوو , کەچی ئەمساڵ 1 ترلیۆن ڕەت دەدات . یەدەکی دراوی بیانی لە چارەکی دووەمی ئەمساڵ بە بڕی 66 ملیار چووە سەر , چارەکی یەکەم 56,2 ملیار دۆلار چووە سەر , ساڵی 2005 کۆی گشتی 209 ملیار چووە سەر (15–7–2006 بیان عدد9527) .بەرزبوونەی یەدەکی دراوی بیانی پارێزەری ئابوورییە لە قەیرانە توندەکان و هاوکات دەتوانرێت لە کڕینی کۆمپانیاو سەهمی کۆمپانیا بیانییەکان بەکاربهێنرێت .
هەرچەندە کەمی سەرمایەگوزاری لە بواری توێژینەوە( 1,1٪ دەرامەتی نەتەوەییە) لە خوار بوونی ئاستی داهێنان کێشەکانی بەرهەمی چینین (25–11–2006 شینخوا) .
بەڵام چین یەکەم وڵاتی سۆسیالستییە لە مێژوودا خاوەند دەزگای ئابوورییە , ئەویش کۆمپانیای گەورە , لە هەوڵیشدایە ببێت بە خاوەند نیشانەی بازرگانی تایبەتی , ئێستا چین " 20 کۆمپانیای لە ڕیزی 500 کۆمپانیا هەرە گەورەکەی جیهانە بە پێی ڕاپۆرتی گۆڤاری فۆرتشن , 4 زیاتر لە ساڵی 2005 (شبكة صين 14-7-2006). ساڵ بەساڵ ئەو ژمارەیە لە بەرزبونەوەدایە .
لە سەرکەوتنی شۆڕشەوە تاکو کۆتایی ساڵی 1980 , بەرهەمی پیشەسازی 45,2 جار زیادی کرد , نرخی گشتی گەیشتە 499,2 ملیار یوان ( الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صباح محمود محمد-ص38).
لە بواری پیشەسازییدا , لە سەروبەندی سەرکەوتنی شۆڕشدا , چین جگە لە بەرهەم هێنانی ئەندازەیەکی دیاریکراوی لە بەرهەمی سادە و سەرەتایی , ئەندازەیەکی کەم لە کاغەز , خوێ , شەکر(200000 تەن لە ساڵێکدا), جگەرە , 4000ڕادیۆ (بۆ یەك ساڵ),14000 پاسکیل(بۆ یەکساڵ) , گڵۆپ , قوماش , بەتانی و حەریر , ئەوەندە دوا کەوتوو بوو , توانای بەرهەمهێنانی گۆرەوی پێ و و سەعات و تەلەفزیۆن و مەکینەی دورمانی نەبوو (الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صباح محمود محمد- ص40) .
کەچی چین لە ساڵی 2005 , کۆی گشتی 80,84 ملیۆن کۆمپیوتەری بەرهەم هێناوە , لەوە 45,65 ملیۆن لاپ تۆپی دەستی بووە , وەلێ بۆ ئەمساڵ پێشبینی وایە 98 ملیۆن کۆمپیوتەر بەرهەم بهێنێت , لەو ژمارەیە پارساڵ 58 ملیۆنی ناردراوە بۆ دەرەوە (بیان 24–3–2006) .
پارساڵ 5,6 ملیۆن ئۆتۆمۆبێلی بەرهەم هێناوە , ئەمساڵ 6 ملیۆن ڕەت دەدات , ساڵی 2004 نرخی زیادەی پیشەسازی چینی ( قيمة اضافة الصناعية ) بە ڕێژەی 16,3٪ چووە سەر , فرۆشتنی کاڵای کاربرد(السلع الاستهلاكيه بالتجزئه ) بە ڕێژەی 13٪ گەشەیکرد (15–11–2005 شینخوا) . پارساڵ زێدەی پیشەسازی نزیك بە 17٪ بوو , گەشەی بەرهەمی پیشەسازی لە چین 17٪ بەرزترین ڕێژەیە لە جیهان , ئەو ڕێژەیە لە هند 7,4٪ , ڕوسیا 6,4٪ , ئیتاڵیا 0,7٪ , فەرەنسا 1,7٪ , کەنەدا 2٪ .

له ساڵی 1949 دا , چین تەنها خاوەند نزیك 10000کم هێڵی ئاسنین بوو , له ساڵی 1980 گەیشته 25000 کم , هاوکات خاوەندی نزیك بە 8000 کم ڕێگاوبان بوو , لە ساڵی 1980دا درێژاییەکەی گەیشته 876000 کم .....( الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صباح محمود محمد-ص42) .

له نێوان ساڵانی 1963 – 1966 بەرهەمی پیشەسازی چین , بە پۆزەتیف گەشەیکردەوە , بە ڕێژەی ساڵانەی 10,6٪ , لێ دواتر بە بەهۆی کارتێکردنەکانی شۆڕشی ڕۆشنبیرییەوە , بەرهەمی پیشەسازی بە ڕێژەی 14٪ پوکایەوە , لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییەی , لە سەرو بەندی قۆناغی شۆڕشگێڕیدا , سیاسەت ئاستی گەشەی ئابووری دیاریکردووە , لە سەردەمەکانی هێمنی سیاسی و نەبوونی پشێوی دروشم بازی , ئابووری ڕێچکەی گەشەی نۆرماڵی خۆی گرتۆتەوە بەر , ئەگەر وردبینەوە دەبینین لەو ساڵانەی کێشەی سیاسی گەرم بووە, بە پێچەوانەوە ئابووری پوکاوەتەوە , شۆڕشە سیاسییەکان چەند گەرم و گوڕیان زیادی کردبێت , ئەوەندە بە پێچەوانەوە ئابووری لەرزی لێنیشتوە و پوکاوەتەوە , چەندە حەماسەتە شۆڕشگێرییەکان بەرز بووبێتەوە , ئارامی سیاسی و زەمینەی سەرمایەگوزاری بکەوێتە مەترسییەوە , ئەوا ئابووری بە پێچەوانە ورەی دابەزیوە و سەر لەنشێو هاتۆتە خوار .

له نێوان ساڵەکانی 1970 بۆ 1974 گەشەکردن بە ڕێك و پێکی چووە پێشەوە , ساڵەکانی 1949 – 1952 , 1963 –1965, 1971– 1981 سەردەمی گەشەکردنی ئابووری بوو لە چین .

ناوەندی گەشەکردن بۆ کەرتی پیشەسازی 8٪ و کشت و کاڵ 3,8٪ بوو , له ساڵی 1977دا پێش قۆناغی چاکسازییەکان , کەرتی پیشەسازی 14٪ و ساڵی 1978 بە ڕێژەی 13٪ گەشەیکرد , ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە , وەلێ کەمترە لە ڕێژەی دوای چاکسازییەکان .

خەونی ماو لە شۆڕش و بەڕێوەبەرایەتی وڵاتدا ئەوە بوو بەهەر نرخێك بووە , چین بگەیەنێتە ئاستی وڵاتە گەورە بەهێزەکان , تەنانەت لەسەر حیسابی پارووی گەلەکەشی بووبێت , تەقاندنەوەی بۆمبی ئەتۆمی و چوون بۆ ئاسمانی چین دوو هەنگاوی چین بوون بەم ئاقارەیا : چین لە بەرواری 16–10–1964 بۆمبی ئەتۆمی تەقاندەوە , بە پێی نرخی ئەوکات 1,4 ملیار دۆلاری تێچوو , پشتی بەهیچ وڵاتێك نەبەست لەبەرهەم هێنانی .

ڕەخنەگرانی ماو پێیان وایە "قوربانی بەرهەم هێنانی چەکی ناوکی چینی زیاترە لە هیرۆشیماو ناکازاکی بەهۆی برسێتییەوە " ( کتاب –ماو القصة المجهولة – بيان 9605, 29-6-2006) .

# دوای چاکسازییەکان

(گرنگ نییە پشیلە سپییە یان ڕەش , گرنگ ئەوەیە مشك بگرێت)

ئەمەی سەرەوە وتەی دینگە , بەربڵاوترین دروشمی سەردەمی دەستپێکی چاکسازی بوو لە چین , ڕەنگی پشیلە( جۆری تیۆری ) لای ئەوان بە ئەندازەی مشك گرتنەکە گرنگی نەبوو , مشك گرتنی چینییەکان گەشەکردن و تازەکردنەوە و بەرهەمی زۆر و بازرگانی بەربڵاو بوو , ڕەنگی پشیلەش هانا بردن

**بوو بۆ تیۆری ئابووری سەرمایەداری و کەڵك وەرگرتن لە ئەزمونی کارگێڕی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی ڕۆژئاواو و لێشاوی سەرمایەگوزراییەکانیان .**

**ڕێبازەکانی چاکسازی چینی لەسەر سێ پێ ڕاوەستاوە کە بریتین لە : ( چاکسازی – کرانەوە – تازەگەری )( ص 313 الاستثمار الاجنبي المباشر والتجارة الدولية الصين نموذجا د. هناء عبدالقادر بغداد 2002 ).**

**سەرباری چاکسازی و کرانەوە بە ڕوی دەرەوە , گرنگترین هەنگاو دیکە کە چین نای لە بواری چاکسازییدا , نوێکردنەوەی ژێرخانی ئابووری چین بوو بە پشت بەستن بە تەکنەلۆژیای دەرەوە , ئەمەش وایکرد چین ببێتە وڵاتێکی پێشکەوتوو , بەهۆی ئەمەوە بوو ئوردونییەکان وتیان : تاکو ئێستا ئۆتۆمۆبێلی منداڵانەمان لە چینەوە بۆ دەهات , لە ئێستا بەدواوە ئۆتۆمۆبێلی ڕاستەقینەمان بۆ دێت , ئەمەیان لە کاتێك گوت , 600 ئۆتۆمۆبیلی چینی , بۆ یەکەمجار خۆی کرد بە بازاڕەکانی عەماندا (شبكة صين – 2005-1-18) .**

**پاش چاکسازییەکانی ساڵی 1979 , کشت و کاڵ بە ڕێژەی 22٪ گەشەیکرد , بازرگانیش بە هەمان شێوە لە ساڵی 1980 بە ڕێژەی 15٪ و ساڵی 1984 بە ڕێژەی 21٪ و ساڵی1986 بە ڕێژەی 35٪ گەشەی کرد (chin pagina بەشی زۆری زانیارییەکان لەم سایتەوە وەرگیراون ).**

**لە دوای چاکسازییەکانەوە , ئابووری چین ,لە هەموو ساڵەکان بە پۆزەتیف گەشەی کردووە , جگە لە ساڵی 1989 , کە کارەساتی تیان مین تێیدا ڕوی دا , لەو ساڵە ئابووری بە ڕێژەی 4,3٪ پوکایەوە (الاستثمار الاجنبي المباشر والتجارة الدولية –الصين نمذجا ) .**

**لە ساڵی 1950 , کۆی گشتی بازرگانی دەرەوەی چی گەیشتە 1,13ملیار دۆلار , 550 ملیۆن دۆلار نادرە و 580 ملیۆن دۆلار هاوردە , ساڵی 1980 بازرگانی دەرەوەی چین گەیشتە 37,7 ملیار دۆلار , بڕی نادرە گەیشتە18,27 ملیار دۆلار , هاوردەش گەیشتە19,51 ملیار دۆلار (الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صبح محمود محمد ص 46).**

**نادرە لە ساڵی 1986 تەنها بایی 25,5 ملیار دۆلار بوو , لە ساڵی 2001 گەیشتە 249 ملیار دۆلار , بەڵام هاوردە لە 35 ملیار دۆلارەوە بەرز بوەوە گەیشتە 215 ملیار دۆلار , لەو ماوەیە نادرە 10 جار سەرکەوت , وەلێ هاوردە 6 جار سەرکەوت .**

**بازرگانی دەرەوەی چین لە ساڵی 2004 گەیشتە 1154,74 ملیار دۆلار , دوو ئەوەندەی ساڵی 2001 , کە ساڵی بە ئەندامی بوونی چین بوو لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی( صوت الشعب 12-1-2005), بۆ ساڵی 2006 پێشبینی وایە 1600 ملیار تێبپەڕێنێت , پێشبینی وایە لە ساڵی 2006 کۆی هاوردەو نادرەی چین 15٪ گەشە بکات , بگاتە 1600–1700 ملیار دۆلار (15–7–2006 شینخوا).**

**بازرگانی دەرەوەی چین لە ساڵی 2002 ڕێژەی51٪ کۆی بەرهەمی نەتەوەیی وڵات بوو , لە ساڵی 2003 گەیشتە 60٪ و لە ساڵی 2004 بەرز بوەوە بۆ ڕێژەی70٪ ی ئابووری وڵات (14–8–2005شینخوا).**

**لەو ڕێژەیە , نادرەی چین 37٪ بەرهەمی نەتەوەیی وڵات دیاری دەکات (شبكة صين 2-10-2005) .**

**گەشە پشت بە ناردە ببەستێت مەترسییە بۆسەر ئابووری , لەگەڵ هەر قەیرانێکی ئابووری یان تەنگژەیەکی سیاسی ئەوا ئازاری پێدەگات و ئابووری وڵات بەرەو فەنا دەبات , نموونە تەنها بازاڕەکانی ئەمەریکا 40٪ ناردەی چین هەڵدەمژێت , ئەمە مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر دواڕۆژی ئابووری چین , ترسی ئەوە هەیە سیاسەتی مایۆ جارێکی دیکە لە کەرتەکانی دیکە دووبارە بکرێتەوە , هەرچەندە نابێت ئەوە لە یاد بکەین بەشی زۆری ئەو ناردەیە خودی کۆمپانیا ئەمەریکییەکان لە چین بۆ بازاڕەکانی ئەمەریکا بەرهەمی دەهێنن .**

**چین ئێستا بووە بە داینەمۆ و فاکتەرێکی سەرەکی گەشە سەندنی بازرگانی جیهانی . لە ساڵی 1978 بۆ ساڵی 2004 بازرگانی دەرەوەی چین 56 جار زیادیکردووە , بە ڕێژەی ساڵانەی 16,8٪ , لە هەمان ماوەدا بازرگانی جیهانی ساڵانە تەنها بە ڕێژەی 6,4٪ گەشەی کردووە (30-2-2004 شینخوا).**

**ئەمەش دەربڕی ئەوەیە , بازرگانی چین بە ڕێژەی بەرزتر لە بازرگانی جیهانی لەو ماوەیە گەشەی کردووە , بەمەش پشکداری چین لەگەشەی بازرگانی جیهانی زیاترە لە بەشی خۆی .**

**هەروەها لەبەر ئەوەی ڕێژەی گەشەی چین زیاترە لە گەشەی جیهانی , بۆیە بەشی لە کۆی بازرگانی جیهانی لەبەرز بونەوەی بەردەوامە .**

**لە پێش دەستپێکردنی قۆناغی چاکسازییەکان , بەشی زۆری هاوردەی وڵات , ئەو کەل و پەلانە بوون لە بەرهەم هێناندا بەکاردەهێنران , واتا هاوردە لە پێناو بازاڕدا نەبوو ( لە نێوان ساڵانی 1950-1980 , ئامرازی هۆیەکانی بەرهەم هێنان 80,4٪ هاوردەی چینی پێك دەهێنا , کاربورد تەنها 19,6٪ی هاوردەی دیاریدەکرد ( الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صبح محمود محمد -ص47 ).**

تاکو ئێستا هاوردەی چین , جگە لە نەوت و ئاسن و ڕۆن و کەرەستەی خاو .... زۆربەی ئەوانی دیکە , بریتین لە ئامێرەکانی بەرهەم هێنان و کارگاو کارخانە و فرۆکەو هۆیەکانی گواستنەوە , ئێستا چین هەموو شت بۆخۆی دروستدەکات , بۆیە ساڵ بە ساڵ لیستی شمەکی هاوردە ناوەکانیان لە کەمبونەوەدایە , هەروەسا جگە لە وزەو کەرەستەی خاو قەڵەشتی نێوان هاوردەو ناردە لە بەرینبونەوەدایە لە بەرژەوەندی ناردە .

ڕێژەی گەشەکردنی دەرامەتی نەتەوەیی چین لە دوای چاکسازییەکان , لەگەشەکردنی بەردەوامدا بووە , لە ماوەی **25 ساڵی یەکەم بەڕێژەی 9,4٪ گەشەیکرد , ئەمەش بەرزترین ڕێژەی گەشەکردنە لە مێژووی مرۆڤایەتی .**

**ئابووری چین لە ماوەی 20 ساڵدا 6 جار زیادیکردووە ( هل تتحول ثورة الصين الراسمالية الى الديموقراطية , مينترين بي ) .**

**ساڵی 1978دا کۆی گشتی بەرهەمی نەتەوەیی 3624,1 ملیار یوان بوو , بەرهەمی نەتەوەیی چین لە ساڵی 1989 گەیشتە 362,41 ملیار دۆلار ( ص 320الاستثمار الاجنبي المباشر والتجارة الدولية الصين نموذجا د. هناء عبدالقادر بغداد 2002 ), بەرهەمی نەتەوەیی چین لە ساڵی 1978 تەنها 147,3 ملیار دۆلار بوو , لە ساڵي 2004 گەیشتە 1,649,4 ملیار دۆلار بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی 9,3٪ ( الشرق الاوسط- 5-6-2005- ناصر تميمي).**

**ساڵی 2003 کۆی بەرهەمی نەتەوەیی گەیشتە 116898,4 ملیار یوان , ساڵی 2000 بەرهەمی نەتەوەیی چین تەنها 928,9 ملیار دۆلار بوو (الوسط-546-18-11-2002) , لە ساڵی 2003 بوو بە زیاتر لە 1400 ملیار دۆلار , بەمەش لە ماوەی 3 ساڵدا نزیك بە 50٪ گەشەیکرد , ساڵی 2004 بەرزبوەوە بۆ سەروی 1650 ملیار دۆلار (25–1–2005 جەزیرە نێت) .**

**گەشەکردنی دەرامەتی نەتەوەیی لە ساڵی 2005 بە ڕێژەی 9,9٪ بوو , بەرهەمی نەتەوەیی گەیشتە 2279 ملیار دۆلار (شینخوا–1–3–2006) .**

**بەرهەمی نەتەوەیی چین ساڵی 2005 گەیشتە 2263825 ملیۆن دۆلار (بیان 9518, 10–7–2006) . بەرهەمی نەتەوەیی چین لە ساڵی 2005 کەوتە پێش بەریتانیاوە بە 94 ملیۆن دۆلار , بەمەش بووە چوارەم زلهێزی ئابووری جیهان (3–7–2006 جزیرە نیت ) .**

بەڵام بە پێی هێزی کڕین ئەوا لە **ساڵی2003 دەرامەتی نەتەوە چین گەیشتە 5,700000ترلیۆن دۆلار , ئەمەریکا گەیشتە 10,400,000 ترلیۆن دۆلار, کۆی جیهان 49,000000 ترلێۆن بوو , چین 11,6٪ ئابووری جیهانی دیاری دەکرد , وەلێ ئەمەریکا 21,12٪ ی ئابووری جیهانی دیاری دەکرد , پاش دوو ساڵ لەو مێژووە , لە ساڵی 2005 بەشی چین لە ئابووری جیهانی بە پێی هێزیکڕین بوو بە 8,572666 ترلیۆن دۆلار , یەکێتی ئەوروپا 9,041499 ترلیۆن دۆلار, وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو بە 12,409465 ترلیۆن دۆلار , سەرجەم جیهانیش بوو بە 61,006604 ترلیۆن دۆلار . لە ساڵی 2005 چین 14,05٪ ی ئابووری جیهان و ئەمەریکا 20,34 ٪ی ئابووری جیهانیان دیاری کردووە . چین 2,55٪ سەر کەوتووە , ئەمەریکا 0,78٪ دابەزیووە .**

**ساڵی 2003 ئابووری چین 54,8٪ ئابووری ئەمەریکا بوو , لە 2005 بووە 69,08٪ .**

**لە ساڵی 2003 –2005 , 23,925٪ گەشەکردنی جیهان بەر چین کەوتووە , 16,73٪ بەر ئەمەریکا .**

**بە پێی ڕاپۆرتی دەزگای برایسووترهاوش , ئابووری چین لە ساڵی 2050 ئابوری هەموو 7 وڵاتە پیشەسازییەکە ڕەت دەدات , ئێستا ئابووری چین 18٪ ئابووری ئەمەریکایە بە دۆلار , بەڵام بە هێزی کڕین 76٪ ە , ساڵی 2050 بەپێی هێزی کڕین 43٪ زیاتر دەبێت لە ئابووری ئەمەریکا , بەڵام بە دۆلار ناگات پێی (5–5–2006 –بی بی سی ) .**

**دیارە بەرزی ڕادەی گەشەکردنی دەرامەتی نەتەوەیی و بەرزبوونەوەی نرخی یوان و بەرزبوونەوەی ئاستی کاربردی ناوخۆیی ڕۆڵ دەبینن لە بەرزبوونەوەی کۆی بەرهەمی نەتەوەیی وڵات .**



گەشەکردنی ئابووری ئامانجی یەکەمی چینییەکان لە ڕەنگ گۆڕینی پشیلە , ئەوان دەزانن سەما لەگەڵ گورگ هەتا هەتایی نییە , ئەم دۆستایەتی و پەیوەندییە بازرگانییە گەرمەیان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئەمەریکا تاکو سەر نییە , وەلێ تاکو کۆتایی لەگەڵی دەڕۆن , تا دوا دڵۆپی سەرکەوتن بەردەوام دەبن .

بەلای چینییەکانەوە گرنگ گەشەی ئابووری و دۆزینەوەی کڕیارە بۆ شمەکە دروستکراوەکانیان و پەیدا کردنی وزەو کەرەسەی خاو .

تیۆرسێنی گەورەی پارتی کۆمۆنیستی چینی تشنغ بی جیان سەرۆکی مونتەدای چاکسازی چینی دەڵێت : چین بە دوای دابینکردنی خواردنەوەیە بۆچەند نەوەی گەلەکەی , خەریکی کاری خۆیەتی و مەترسی بۆ سەر هیچ لایەنێك نییە (شینخوا 31-11-2005) . چین چاوی لە داگیرکاری هیچ وڵاتێکەوە نییە , بەڵکە تەنها بە دوای گەڕانەوەی سنوورە ونبوەکانی خۆیدا دەگەڕێت .گەڕانەوەی تایوان گەورەترین کێشەی سیاسی چینە لەسەدەی 21 .

هەرچەندە بنەماکانی بازاڕی ئازاد بووە بە میکانیزم و هەڵسوڕێنەری ئابووری چین , دیموکراسی و جێگیری سیاسی دووکایەی گرنگن بۆ گەشەکردنی ئابووری و بەرهێنان , بە تایبەت جێگیری سیاسی , بەڵام دیموکراسییەت تاکو ئێستا غائیبە لە هاوکێشەکە .

چینییەکان تەنها ڕەنگی پشیلەکەیان گۆڕیوە نەك ڕەنگی خۆیان , هێشتا بە تەواوی تەسلیم بە ئیرادەی بازاڕ نەبوونە , فەلسەفەی سمیس باوەڕی وایە : ئابووری باڵندەیەکە لە قەفەسدا , فەیلەسوفی نەرێتپارێزە چینییەکان تشی یون لە ساڵی 1982 ڕایگەیاند " باڵندەی شمەك پێویستە ڕێگەی پێبدرێت لە چوارچێوەی قەفەسی نەخشە بفرێت " ( اسیا وسطی – حلقة الاخیرة 16-10-2005 بیان) .

هوجینتاو لە 2002 گەیشت بە دەسەڵات , نموونەی زۆر لەسەر وتەکانی مارکس دەهێنێتەوە , جارجارەش ئاماژە بە گووتەکانی ماو دەدات , چینییەکان ئێستا گرنگی زۆر بە توێژینەوە دەدەن لەسەر سۆسیالیزم , تاوەکو لەگەڵ سەردەم بگونجێت , ئەزموونی کوبا و کۆریای باکوور بۆ پاراستنی دەسەڵات بە باشی دەبینن ( جوزیف کان- مراسل نیوروك تایمز في صین- الاتحاد 11216- 21-3-2006) .

کەمکردنەوەی جیاوازی داهات و بنەبڕکردنی هەژاری ئەرکی یەکەمی دەسەڵاتدارییەتی نوێی چینە , هەر بۆیەشە باجی سەر جوتیارانی هەڵگرت , کە هەزاران ساڵ بوو داسەپا بوو بەسەریانا , 150 ملیۆن جوتیاری چینی باج دەدەن (13-4-2005 شینخوا) . ( باجی کشت و کاڵ 2600 ساڵە بەسەر جوتیاران داسەپاوە , ئەم ساڵ کۆتایی پێدێت , دەبێتە هۆی باشتر کردنی باری ژیانی 800 ملیۆن هاووڵاتی کە لە لادێدا دەژین (جزیرە نیت 30-12-2005 ) .

## هاوکاری سۆڤیەت بۆ چین لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش

سالی 1945 ژاپۆنییەکان پاش خۆبەدەستەوە دانیان , سەرباری کوشت و بڕی بە کۆمەڵ و وێرانکاری بەرفراوانی سالآنی داگیرکردنی چین , ژمارەیەکی زۆر مینیان لە دوای خۆیان بەجێهێشت , سەرباری چەکی کیمیاوی (چین لە دوای جەنگ 40000 پارچە چەکی کیمیاوی هەلگرتەوە , کە ژاپۆن بەجێی هێشتبوو (شینخوا 6-9-2005) .

لە دوای خۆبەدەستەوەدان پاشەکشەکردنیان لە چین , لە ڕێگەی مین و چەکە کیمیاوییەکانیانەوە درێژەیان بە وێرانکاری چیندا , هەروەسا بەشێکی زۆر لە ناوچە بەرهەم هێنەرەکانیان خاپوور کرد , شەڕێکی نەگریسیان بەسەر چاندا داسەپێنرا .

زۆربەی پیشەسازییەکانی خۆرهەلآت پاش ئازادکردنی ناوچەکانیان , لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە گواسترانەوە بۆ سۆڤیەت , ئەوانەی نە گواسترانەوە چاك نەکرانەوە, لەدواییدا بەکەلك کارکردن نەمان , هاوکات کەرتی کارەباش بە تەواوی خاپوور بوو .

سۆڤییەتیەکان جگە لەوەی لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانییدا هاوکاری بێدرێغی کۆمۆنیستەکانیان کردبوو , لە دوای سەرکەوتنیش لە هاوکاریکردنی چینییەکان بەردەوام بوون .

لە سەرکەوتنی شۆڕشەوە تاکو سالی 1957 , زیاتر لە 90000 ئەندازیاری چینی لەسەر خەرجی سۆڤیەت , خوێندنیان لە ولآتی سۆڤیەت تەواو کرد ( الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صبح محمود محمد ص10 ) . تاکو سالی 1957 , بەشێوەی گشتی زیاتر لە 259000 قوتابی چینی لە هەموو ڕشتەکان لە سۆڤیەت خوێندیان ( الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صبح محمود محمد ص 10).

هەروەها پاش سەرکەوتنی شۆڕش , چین بڕی 1,9 ملیار دۆلاری وەك قەرزی درێژخایەن لە سۆڤیەت وەرگرت , لە سالی 1965 دایەوە , لەو کاتەوە تاکو سالی 1978 , چین هیچ قەرزێکی دەرەکی دیکەی نەکرد ( ص48 -الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صبح محمود محمد).

ئەو بڕە قەرزەی سۆڤیەتیەکان لەو کاتەدا بۆ چینییەکان زۆر پێویست بوو , ئەمە سەرباری ئەوەی سۆڤیەتیەکان لە بواری پێشکەشکردنی هاوکاری لە گواستنەوەی ئەزمونەکانیان لە بواری پیشەسازی بەرامبەر چینییەکان سەخی و دەستپڕ بوون .

سالی 1961 , بە هۆی پاشەکشەی سۆڤیەتەوە لە چین , بەرهەمی پیشەسازی لەو ولآتە , بە ڕێژەی 38٪ و سالی 1962 بە ڕێژەی 16٪ پوکایەوە , سالی 1961 بۆ چین سالی داڕمانی ئابووری بوو .

پچڕانی پەیوەندی هەردوو ولآت تێسرەواندنێکی کاریگەربوو کەوت لە ئابووری چین و ڕەوتی پێشکەوتنی ئەو ولآتە .

پەیوەندی چین و سۆڤیەت گەیشتە ئاستی جەنگی سنووری و دەیان سالَ شەڕی سارد و هاوکاری نەیارانی یەکتر , لەمەشدا ئەمەریکا ڕۆلی گرنگی گێڕا لە گەرمکردنی ململانێکان , لە خۆنزیککردنەوە هاوکاری چینییەکان درێغی نەکرد , تەنانەت هانی هاوپەیمانەکانیشی دەدا هەمان ڕۆڵ بگێڕن .

له هەشتاكان ئەمەریكا ئیسرائیلی هان دەدا چەكی پێشكەوتوو بفرۆشێت بە چین , بۆ ئەوەی لە بەرامبەر سۆڤیەت بەهێزی بكات ( الحیاة-جعفر هادي حسن 3-7-2005).
كەچی لە دووهەزار بە دواوە كە ئیسرائیل چەكی پێشكەوتووی بە چین فرۆشت بەحسابی ئەو كات , ئەمەریكا بە توندی ناڕەزایەتی دەربڕی و پرۆتۆكۆڵەكانی پێ هەڵوەشاندەوە .
چین ڕوسیا 40 ساڵ كێشەیان كۆتایی پێهێنا بۆ داڕشتنەوەی سنووری نێوانیان (ایلاف–26–2005).
كێشە لە نێوان چین و ڕوسیا لەسەر 357 كم دوچار بوو , لە 2–6–2005 بە یەكجاری چارەسەركرا , چین ئەو پارچە زەوییەی وەرگرتەوە .
پەرلەمانی ڕوسیا دەنگی لەسەر ئەو ڕێككەوتنە دا و ڕەزامەندی لەسەر دەربڕی , پۆتین وتی : چارەسەری ناوەند لە بەرژەوەندی ڕوسیایە .
تشاو شینغ وەزیری دەرەوەی چین وتی : سەركەوتووانە پارچە زەوییەكەمان وەرگرتەوە .
ئەو پارچە زەوییە دەكەوێتە ناوچەی هبلونغجیانغەوە , چینییەكان پاش وەرگرتنەوەی نەخشەی سەرتاسەرییان داڕشت بۆ پەرەپێدانی ( شینخوا 2–6–2005).

# باری ژیانی هاووڵاتیان

چین لە ساڵی 1949, وڵاتێكی مۆدێرن نەبوو , یەكێك بوو لە وڵاتە هەرە دواكەوتووەكانی جیهان , ئاستی ژیان و پێشكەوتنی , لە خوار ئاستی ژیان و پێشكەوتنی هیندستانەوە بوو , تەنانەت لە دوای میسر و وڵاتانی دیكەشەوە بوو , لە كۆتایی نەوەدەكان داهاتی تاك لە چین و هیند یەكسان بوون بە یەكتر , بەڵام ئێستا داهاتی تاك لە چین دوو ئەوەندەی هیندە .
كە شۆڕش سەركەوت , زیاتر لە 250 ملیۆن چینی لە هەژاریدا دەژیان لە كۆی 541 ملیۆن هاووڵاتی , ئەمەش نزیك بە 46,2٪ی دانیشتوانی وڵاتی پێك دەهێنا , بەڵام لە ساڵی 2000 , ڕێژەی هەژاری دابەزی بۆ 30 ملیۆن كەس , كە كەمتر لە 3٪ دانیشتوانی دەكرد (شینخوا 19–3–2001).
لە ساڵی 2004 , ژمارەی هەژاران 4 ملیۆن هاتە خوارەوە , بەڵام هاوكات جیاوازی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان زیادیكرد , تاكو ئێستا لە چین , زیاتر لە 200 ملیۆن مرۆڤ بە 1 دۆلار لە ڕۆژێكدا دەژێن (جەزیرە نێت 15–1–2005) .
لە سەردەمی سەركەوتنی شۆڕشدا , كە گەریلا كۆمۆنیستەكان چوونە ناو شەنگەهایەوە , تاكو ئەو كات زۆربەیان گڵۆپیان نەدیبوو , كە دەخەوتن بەشی زۆریان گڵۆپەكانیان شكاند , چونكە نەیان دەزانی بیكوژێننەوە , لە دوكانەكان دەستیان دەكردە ملی ئەو لەشە باغەیانەی بەرگی نوێیان لەبەر كرابوو , وایان دەزانی زیندوون .
لە ساڵی 1949 ناوەندی تەمەن بۆ تاكی چینی تەنها 32 ساڵ بوو , لە ساڵی 1985 گەیشتە 69 ساڵ . بەشی دانەوێڵەی تاكێك لە ماوەی ساڵێك لە ساڵی 1952 تەنها 288 كگم بوو, ساڵی 1978 بەرز

بووەوە بۆ 315 کگم , لە ساڵی 1984 گەیشتە 396 کگم , لە 38 ساڵی یەکەم , تەنها 27کگم سەرکەوت , وەلی لە 6 ساڵی دوای چاکسازییەکان 81 کگم چووە سەر .

لە ساڵەکانی 1957 ەوە بۆ 1964 زیاتر لە 30 ملیۆن چینی لە برسا مردن , ئەمەش گەورەترین مردنی بە کۆمەڵی مرۆڤ بوو لە برسان لە مێژووی مرۆڤایەتی (بول سمنيدي- الاستعداد للقرن الحادي والعشرين –ترجمة محمد عبدالقادر –1993–ص 218). (چینییەکان خۆیان ئەو ژمارەیە بە 15 ملیۆن دیاری دەکەن) .

لە ساڵی 1962 دا داهاتی تاکە کەس لە چین تەنها 60 دۆلار بوو , چین ئەو ساڵە بە پلەی 11هەمین لە وڵاتە هەرە هەژارەکانی جیهان دەهات (اهرام–18–1–2002).

داهاتی جوتیارێك لە ساڵی 1957 تەنها 40,5 یوان بوو (الصين–دراسة في الجيوبولتك-د.صبح محمود محمد ص 29) , مانگانەی فەرمانبەرانیش لە ساڵێك 446 یوان بوو (الصين–دراسة في الجيوبولتك-د.صبح محمود محمد–ص28).

ساڵی 1987 داهاتی تاکە کەس لە چین گەیشتە 294 دۆلار , لە هەمان ساڵدا لە هیندستان داهاتی تاك لە ساڵێکدا 311 دۆلار بوو (بول سمنيدي- الاستعداد للقرن الحادي والعشرين –ترجمة محمد عبدالقادر –1993–ص).

چین لە ساڵی 1998 لە لیستی وڵاتان بۆ گەشەی مرۆڤ , لە ڕیزدا ژمارەی 99 بوو , بەڵام هیندستان بوو بە 128ەمین لە کۆی 174 وڵاتی جیهان , 29 وڵات کەوتە دوای چینەوە , ئێستا ئەو قەڵەشتەی نێوانیان زیاتر بووە .

ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕای گەیاند , لە نێوان ساڵەکانی 1978–1990ژمارەی هەژارانی چین بۆ نیوە کەمبۆتەوە , لە ساڵی 1994 بۆ 2000 ساڵانە 6 ملیۆن چینی لە هەژاری ڕزگاریان بووە , لە 2 ساڵی یەکەمی هەزارەی سێیەم , ساڵانە 2 ملیۆن چینی لە هەژاری ڕزگاریان بووە (8–8–2004 شينخوا) , تەنها لە ساڵی 2004 بڕی 4 ملیۆن چینی لە هەژاری ڕزگاریان بوو .

ساڵی 1949 ژمارەی دانیشتوانی چین 541,71 ملیۆن کەس بوو . تەنها 20٪ منداڵان دەچونە قوتابخانە , 80٪ خەڵك نەخوێندەوار بوون , کەچی ئێستا چین زۆرترین قوتابی زانکۆی هەیە لە جیهاندا , 67,64 ملیۆن دەرچووی زانکۆی هەیە تاکو کۆتایی ساڵی 2005 (شبكة الصين 1-9-2006).

نەخوێندەواری کۆتایی هات لەناو نەوەی نوێی چینییەکان , ڕێژەی خوێندەواری ئێستا لە هەموو چین 90٪ (صين اليوم عدد5 سنة 2004- محمد نعمان حلال) .

هاوکات پیشەسازی زۆر و زەبەنی چین ڕۆڵی هەیە , لە کەمکردنەوەی ڕێژەی هەڵاوسانی بازاڕی جیهانی , ئەمەش هاوکاریکەرە بۆ هەژارانی جیهان .




**داهاتی تاکه کەس لە شارەکان ساڵی 1978 تەنها 343 یوان بوو , لە ساڵی 2001 بوو بە 6860 یوان , واتە لەو ماوەیەدا 20 جار چۆتە سەر , لێ لە لادێدا ساڵی 1978 داهاتی تاکەکەس 134 یوان**

